# تێڕوانینی مامۆستایانی زانکۆ سەبارەت بە گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی لەبونیادنانی کلتوری ژینگەیی لەهەرێمی کوردستاندا

**سەلام نەسرەدین محەمەد، هاوڕێ مەحمود رسول**

بەشی ڕاگەیاندن،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان،زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان.

**پوختە-** توێژینەوەی زانستی لەبنەڕەتداسۆراغ ولێکۆڵینەوەی (دیاردە) یەکە، لەو ڕوانگەوە ئەم توێژینەوە زانستیە توێژینەوەیەکی مەیدانی یەو بەگوێرەی میتۆدی وەسفی و پیادەکردنی ڕێبازی ڕوپێوی لەومیتۆدەدا ئەنجامدراوەو(فۆڕمی ڕاپرسی) وەك ئامڕازی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێناوە.

لە گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتیە لە:

أ- زانینی ئاستی چەندێتی گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بەبنەما جیاوازەکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی:(بنەما مەعریفی،بنەما کۆمەڵایەتی، بنەما دامەزراوەیی) ەکان بەگوێرەی ڕای مامۆستایانی زانکۆ.

ب- زانینی تیڕوانینی مامۆستایانی زانکۆ بەپێی هەریەکە لە ( ڕەگەز، نازناوی زانستی، بەشە زانستیە پسپۆڕیەکان) سەبارەت بەچەندێتی گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی.

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لەڕووی میدیاییەوە پیکهاتووە لە (سەرجەم کەناڵە تەلەفیزیۆنیە دیجیتاڵیەکانی هەرێمی کوردستان)، لەچوارچێوەی ئەوکۆمەڵگایەدا کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکانی: (GavTv، Kurdsat webTv،Rudaw webTv، web Tv Halabja) وەک سامپڵی توێژینەوە وەرگیراون .

لەبەرانبەردا کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لەڕووی مرۆییەوە (سەرجەم زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان) ی لەخۆگرتووەو تیایدا (سەرجەم مامۆستایانی بەشە پسپۆڕیەکانی: ڕاگەیاندن، ژینگە،کۆمەڵناسی، کاری کۆمەڵایەتی، جوگرافیا،گەشتوگوزار) لە سەرجەم زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستاندا بەسامپڵی مرۆیی توێژینەوەکە دیاریکراون و سەرجەمیان بەبێ جیاکاری بە شێو ەی گشتگیر(حصرشامل) وەرگیراون.

هاوکات گریمانەی توێژینەوەکە پێیوایە کە: جیاوازی ئاماری هەیە لە نێوان تیڕوانینی مامۆستایانی زانکۆ بە گوێرەی (ڕەگەز، نازناوی زانستی، بەشە زانستیە پسپۆڕیەکان) سەبارەت بەچەندێتی گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بەبونیادنانی کلتوری ژینگەیی.

هاوکات گرنگترین دەرئەنجامی توێژینەوەکەش خۆی دەبینێتەوە لە :

أ- کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکان بە ئاستێکی (لاواز) گرنگیان بە هەریەک لە ( بنەما مەعریفیەکان، بنەما کۆمەڵایەتیەکان، بنەما دامەزراوەییەکان) ی کلتوری ژینگەیی داوە.

**کلیلە ووشەکان:** گرنگیدانی میدیایی، تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی، ژینگە، کلتور، کلتوری ژینگەیی، بونیادنان، هەرێمی کوردستان.

## ١. لایەنی میتۆدیی توێژینەوەکە:

### ١-١ : کێشەی توێژینەوەکە :

کێشەی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە کەناڵە تەلەفیزیۆنیە دیجیتاڵیەکان لە ڕووی چەندایەتیەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندان و بەرنامەی هەمەجۆریان هەیە، بەڵام لە بەرانبەردا گرنگی پێدانیان بە دۆزی ژینگەو بونیانانی کلتوری ژینگەیی لە هەرێمی کوردستاندا نادیارەو لەبەرانبەر ئەوگەشەکردنە چەندایەتیەدا بایەخی ئەم تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیانە لەکایەی ژینگەییدا نابینرێت.

لە ژێر سایەی ئەو تێگەیشتنەدا توێژەر بەپێویستی زانی کە لە میانەی کێشەی توێژینە وەکەدا ئاستی گرنگیپێدانی تەلەفیزیۆنیە دیجیتاڵیەکان لەبونیادنانی کلتوری ژینگەیی ڕوون بکانەوە، لەو ڕوانگەوە کێشەی توێژینەوەکەی لە میانەی ئەم پرسیارە سەرەکیەی خوارەوەدا خستەڕوو: ئایا گرنگیپێدانی کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکان لەبونیادنانی کلتوری ژینگەیی لە هەرێمی کوردستاندا لە چی ئاستێک دایە ؟

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم پرسیارەدا چەند لقە پرسیارێکی تردێتە کایەوە،کە توێژینەوەکە هەوڵی سۆراغکردنیان دەدات و بریتین لە :

أ- تاچەند تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵیەکان گرنگیان بەبنەماجیاوازەکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی: ( بنەما مەعریفیەکان،بنەما کۆمەڵایەتیەکان، بنەما دامەزراوەیی) ەکان داوە .

ب - ئایا تیڕوانینی مامۆستایانی زانکۆ بەگوێرەی گۆڕاوەکانی: (ڕەگەز، نازناوی زانستی، پسپۆڕی ) سەبارەت بەچەندێتی گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بەبونیادنانی کلتوری ژینگەیی چۆنە؟

### ١-٢ : گرنگی توێژینەوەکە : لەم بوارانەی خوارەوەدا بەرجەستە دەبێت:

**أ- گرنگی زانستی:** گرنگی توێژینەوە لەگرنگی بابەتی لێکۆڵینەوەوە سەرچاوە دەگرێت، لەو گۆشەنیگایەوە توێژینەوەکە لەڕووی بابەتەوە بابەتێکی نوێ وگرنگەو هەنگاوی یەکەمە لەبواری ئاوێتەکردنی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی وبابەتی کلتوری ژینگەییداو تاکو ئێستا لەڕێگەی توێژینەوەی زانستیەوە تیشک نەخراوەتە سەر ڕۆڵی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی لە گەشەپێدانی ژینگەیی لە هەرێمی کوردستاندا.

لەو گۆشەنیگایەوە ئەم توێژینەوەیە لەڕیزیەندی سەرچاوەکانی میدیای ژینگەییدا بەزمانی کوردی کەلێنێک پڕدەکاتەوە،بەتایبەت کەلە ئێستادا کتێبخانەی کوردی لەو بوارەدا زۆر هەژارەو ئاتاجی زۆری بەسەرچاوەی زانستی هەیە بەتایبەت لەپێناوی

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 9، العدد 2(2023) ؛ عدد الصفحات (19)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v9n2y2023.pp63-81

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 14 كانون الاول 2022؛ قُبل في 30 كانون آلثاني 2023؛ نُشرت في 18 نيسان 2023؛

البريد الإلكتروني للمؤلف : hawre.rasool@univsul.edu.iq, salam.mohammed@univsul.edu.iq

حقوق الطبع والنشر ©2023 سەلام نەسرەدین محەمەد، هاوڕێ مەحمود رسول. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

سوودگەیاندن بەتوێژەرانی زانستی لەبەشە پسپۆڕیەکانی زانستیەکانی میدیایی و ژینگەییدا، هاوکات خزمەتێکی زانستیشە بەئاراستەی پیدانی بەرچاوڕونی زیاتر بەدەستەی ژینگەی هەرێم و چالاکوانی ژینگەیی ڕێکخراوە ژینگەیەکان وهاندانیان بۆ چالاکی ژینگەیی زیاتربە بە شێوازیکی زانستیانە لەپێناوی بونیادنانی کلتوری ژینگەییدا لەهەرێمی کوردستان.

**ب- گرنگی پراکتیکی:** ئەم توێژینەوەیە لێکوڵینەوە لە ئامرازێکی گرنگی میدیای دیجیتالی دەکات کە تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵیەو لەئێستادا وەک دەرکەوتەیەکی پێشکەوتنە خێراکانی تەکنۆلۆژیا ی نوێی زانیاری ومیدیای نوێ، وەک گەشەسەندوترین جۆری ئامرازی دیجیتالی بیستراوو بینراو دەرکەوتووە .

گرنگی ئەم ئامرازە لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە بینەر لەڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە ئاسانتر بەپەیامەکانی ئاشنا دەبێت وبەبێ هیچ ڕێگری وماندوبونێک دەتوانێت ڕاستەوو خۆ کارلێکیان لەگەڵدا بکات،هەروەها توێژینەوەکە لە ڕوانگەی میدیاییەوە بایەخی تەلەڤیزیۆنی دیجیتالی لەبونیادنانی کلتوری ژینگەییدا ڕووندەکاتەوەو لەبواری پراکتیکیەوە یارمەتی دەرکەوتنی میدیای تایبەتمەندی ژینگەیی وپاڵپشتی گەشەپێدانی ئەزموونی ڕۆژنامەنوسی ژینگەیی لە هەرێمی کوردستاندا دەکات .

هەروەها لەڕوانگەی پراکتیکیەوەو لەڕێگەی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان وراسپاردە کانیەوە دەتوانرێت توێژینەوەکە بکرێتە هاوکاروسەرچاوەیەکی زانستی میدیایی بۆ بەخۆداچوونەوەی میدیایی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵیەکانی سامپڵی توێژینەوە لەبواری هەڵسە نگاندنی پلانی گرنگیپێدانیان بەژینگەو کلتوری ژینگەیی و یارمەتیدانیان بۆ دارشتنەوەی پلانی ژینگەییان لە پێگەیەکی باڵاترو بایەخدارتردا.

**ج- گرنگی کۆمەڵایەتی:** ئەم بایەخە لەوەدا بەرجەستەدەبێت کە توێژینەوەکە لە ئەرکێکی بنەڕەتی وکۆمەڵایەتی میدیا دەکۆڵێتەوە کە بونیادنانەو هانی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی ئەدات، هاوکات ئەمەش لەو سۆنگەوە،کە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی و پێگەیاندنی هاوڵاتیەکی هۆشیارو خاوەن ئینتیما بەرانبەربەژینگەو ئیدانی رۆشنبیری ژینگەیی و بە کلتورکردنی مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگەدا نەک هەر بەبێ بەشداری میدیا نایەتەدی بەڵکو لە بنەڕەتدا ئەرکی دامەزراوە میدیاییەکانە بەگشتی و تەلەفیزیۆنە دیجیتاڵیەکانە بەتایبەتی کە ڕۆڵی ئەرینی بگێرن لەو بارەوە.

هاوکات بەشێکی گرنگ ودیاری کلتوری ژینگەیی بنەما کۆمەڵاتیەکانەو لەو ڕوانگەوە توێژینەوەکە بایەخ بە دەرخستنی بەهای ژینگەیی وهەستی بەرپرسیارێتی ژینگەیی و گەشەپێدانی ویستی بەشداری گشتی ژینگەیی و بونیاسدنانی ئینتیمای ژینگەیی لە هزری تاکو خێزان و کۆمەڵگادا ئەدات ، تاکو دەگاتە ئاستی پێگەیاندنی هاوڵاتیەکی ژینگەیی، لە دوا ئاستیشدا تیشکد ەخاتەسەر بایەخدان بەڕەفتاری ژینگەیی ئەرێنی وخستنە رووی ڕەفتارە نەرێنیە ژینگەییەکان بە مەبەستی کەمکردنەوەو نەهێشتنیان.

**١-٣: ئامانجەکانی توێژینەوەکە :**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ ئەدات بۆ زانینی ئاستی گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتالی لەبارەی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی لەهەرێمی کوردستاندا ، لە ڕێگەی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە:

أ - زانینی ئاستی چەندێتی گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتالی بەبنەماجیاوازەکانی بونیاد نانی کلتوری ژینگەیی:(بنەما مەعریفیەکان،بنەماکۆمەڵایەتیەکان، بنەمادامەزراوە ییەکان) لەدیدی مامۆستایانی زانکۆدا.

ب- زانینی تێروانینی مامۆستایانی زانکۆ بەپێی هەریەکە لە گۆراوەکانی:(ڕەگەز، نازناوی زانستی، بەشە زانستیە پسپۆڕیەکان) سەبارەت بەچەندێتی گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتالی بە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی.

**١-٤: گریمانەی توێژینەوەکە :**

گریمانەی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە :

أ- جیاوازی ئاماری هەیە لە نێوان تێروانینی مامۆستایانی زانکۆ بەگوێرەی هەریەکە لە گۆڕاوەکانی:( ڕەگەز، نازناوی زانستی، بەشە زانستیە پسپۆڕیەکان)، سەبارەت بەچەندێتی گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتالی بە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی.

**١-٥ : میتۆد (منهج) ی توێژینەوەکە :**

توێژەر بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی میتۆدییەوە پشتی بە میتۆدی (وەسفی) بەستووە،ئەمەش لەو ڕوانگەوە کەمیتۆدێکی گونجاوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە میدیاییە کان، لەم میتۆدەشدا پەیڕەوی لە شێوازی ڕوپێوی (مەسحی) کردووە.

**١-٦ : ئامراز وشێوازی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە:**

ئامرازو شێوازی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە:

**فۆڕمی ڕاپرسی:** توێژەر فۆڕمی ڕاپرسی وەک ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بۆ دەستخستنی ڕای بەرتوێژانی سامپڵی توێژینەوەکە بەکارهێناوە.

**١-٧ : کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوە:**

**أ- کۆمەڵگەو سامپڵی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵیەکان :**

**- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە :**

(سەرجەم کەناڵە تەلەفیزیۆنیە دیجیتاڵیەکانی هەرێمی کوردستان) دەگرێتەوە کە لە سنوری کارگێڕی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پەخش ئەکەن و پەیوەستن بە ڕێکارە کارگێڕیەکانی مۆڵەتپێدانی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان و پابەندن بە یاسای بەرکاری کاری ڕۆژنامەوانی ژمارە (٣٥) ی ساڵی (٢٠٠٧) ی پەرلەمانی کوردستانەوە.

**- سامپڵی توێژینەوەکە :**

لەچوارچێوەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا، توێژەرکەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکانی سامپڵی توێژینەوەی دیاریکرد، کە بریتین لە: ( تەلەڤیزیۆنی ئینتەرنێتی Gav Tv ، وێب تیڤی Kurdsat web Tv ، وێب تیڤی Rudaw web Tv ، وێب تیڤی Halabja web Tv ).

دیاریکردنی ئەم کەناڵە تەلەڤیزۆنیە دیجیتاڵیانەش وەک سامپڵی توێژینەوە پشتی بەستووە بە (فۆڕمی سەرەتایی زانینگەرایی) کەفۆڕمێکی سەرەتاییەو توێژەر لەمیانەی (٥) پرسیاردا ئامادەی کردووە، مەبەست لێی کۆکردنەوەی زانیاری و زانینی ڕای بەرتوێژانە دەربارەی دیاریکردنی سامپڵی ئەو تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵیانەی کە گرنگی بە بواری ژینگەو بونیادنانی کلتوری ژینگەیی دەدەن لە هەرێمی کوردستاندا، لەو سۆنگەوە فۆرمەکە بەشێوەی ئەلیکترۆنی بەسەر (200) بەرتوێژی توێژینەوەکە لە لەسنوری هەرێمی کوردستاندا دابەشکرا ، بەم شێوەیەی خوارەوە :

- (١٠٠) ئەندامی ڕێکخراوە ژینگەییەکان لەسەنتەری چوار پارێزگای (هەولێر،سلێمانی ، دهۆک، هەڵەبجە).

- (١٠٠) ڕۆژنامەنوسی ئەندام لەسەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان لە سنوری چوار لقی ( هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە) دا.

ئەم فۆرمە (٣) جۆر تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی خستە بەردەم بەرتوێژان کە بریتیبون لە ( تەلەڤیزیۆنی ئینتەرنێتی) و (وێب تیڤی کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە ئاسمانیەکان) و (وێب تیڤی کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە ناوخۆیەکان)، پشت بەست بە ئەنجامی ئەو ڕاپرسیە توێژەر(٤) کەناڵی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی دیاریکرد بە سامپڵی میدیایی توێژینەوەکە کە بریتی بوون لە کەناڵەکانی:

- تەلەڤیزیۆنی ئینتەرنێتی: Gav Tv - ئۆفیسی سەرەکی لە پارێزگای دهۆک
- وێب تیڤی : Kurdsat web Tv - ئۆفیسی سەرەکی لە پارێزگای سلێمانی
- وێب تیڤی : Rudaw web Tv - ئۆفیسی سەرەکی لە پارێزگای هەولێر
- وێب تیڤی :Halabja web Tv - ئۆفیسی سەرەکی لە پا رێزگای هەڵەبجە

**ب - کۆمەڵگاو وسامپڵی مرۆیی توێژینەوەکە :**

**- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە :**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە (سەرجەم زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان ).

سەبارەت بە دامەزراوە ئەکادیمیە حکومیەکانی هەرێمی کوردستانیش توێژەر بۆی دەرکەوتووە کە لەهەرێمی کوردستاندا (١٥) زانکۆ و(١) دەستەو (١) ئەنجومەنی پزیشکی لەژێر سەرپەرشتی (وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی) دا بوونیان هەیە،وەک لەخشتەی (٤) خراوەتەڕوو. (حسێن،٢٠٢٢/٦/١، چاوپێکەوتن) .

دوای پەیوەندی و هەوڵدانی توێژەر بۆ وەرگرتنی زانیاری بەمەبەستی دیاریکردنی سامپڵی توێژینەوەکە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا ، دەرکەوت کە لەو ( ١٥) زانکۆو(١) دەستەو (١) ئەنجومەنەی کە لەخشتەی (١) ی خوارەوەدا خراوەتەڕوو، بەشە پسپۆڕیەکانی سامپڵی توێژینەوەکە تەنها لە زنجیرەی (١- ١٢) ی زانکۆ حکومیە ئاماژەپێدراوەکانی خشتەکەدا، بەڕێژەی جیاواز بونیان هەیە ، هەروەک لەخشتەی ( ١) ڕوونکراوەتەوە:

**خشتەی (١)**

**زانکۆو دەستەو ئەنجومەنە ئەکادیمیەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان .**

| ز | زانکۆ | ز | زانکۆ | ز | زانکۆ- دەستە - ئەنجومەن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەلاحەدین | ٧ | پۆلۆتەکنیکی سلێمانی | ١٣ | هەولێری پزیشکی |
| ٢ | سلێمانی | ٨ | پۆلۆتەکنیکی دهۆک | ١٤ | زانکۆی کوردستان- هەولێر |
| ٣ | دهۆک | ٩ | سۆران | ١٥ | چەرمۆ |
| ٤ | هەڵەبجە | ١٠ | گەرمیان | ١٦ | دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی |
| ٥ | زاخۆ | ١١ | ڕاپەرین | ١٧ | ئەنجومەنی باڵای کوردستانی بۆ پسپۆڕیە کانی پزیشکی |
| ٦ | پۆلۆتەکینکی هەولێر | ١٢ | کۆیە | | |

**ب- سامپڵی توێژینەوەکە :**

سامپڵی مرۆیی توێژینەوەکە بریتیە لە سەرجەم مامۆستایانی هەر(٦) بەشی پسپۆڕی :( ڕاگەیاندن، ژینگە، کۆمەڵناسی، کاری کۆمەڵایەتی، جوگرافیا، گەشتوگوزار) لە سەرجەم زانکۆحکومیەکانی هەرێمی کوردستاندا.

**ج- جۆری سامپڵی توێژینەوەکە :** سامپڵی مەبەستدار (قصدی) یە.

توێژەر لەچوارچێوەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا مامۆستایانی ئەو(٦) پسپۆڕیە ئاماژە پێدراوەی سەرەوەی بە سامپڵێکی مەبەستدارانە (عینة قصدية) وەرگرتووەو دواتریش بۆ وەرگرتنی ئەم سامپڵە مەبەستدارە پەیرەوی لە شێوازی وەرگرتنی گشتگیر (حصر شامل) کردووە .

**١-٨: سنوری توێژینەوە:** سنووری ئەم توێژینەوەیە ئەم سێ بوارەی خوارەوە لەخۆدەگرێت :

**أ- بواری مرۆیی:** لەم سێ سەرچاوە مرۆییەی خوارەوەدا بەرجەستە دەبێت:
- سەرجەم مامۆستایانی بەشە پسپۆڕیەکانی (ڕاگەیاندن، ژینگە، کۆمەڵناسی، کاری کۆمەڵایەتی، جوگرافیا، گەشتوگوزار) لە سەرجەم زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستاندا، کەوەک سامپڵی مرۆیی فۆرمی ڕاپرسیان بەسەردا دابەشکراوە.
- ڕۆژنامەنووسانی ئەندام لە سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان لە سنوری هەرچوار لقی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە) دا ، کە وەڵامی فۆرمی سەرەتایی زانینگەڕایی توێژینەوەکەیان داوەتەوە .
- ئەندامانی ڕێکخراوە ژینگەیەکان لە سەنتەری هەرچوار پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە) دا، وەک بەرتوێژ لە وەڵامدانەی پرسیارەکانی فۆرمی سەرەتایی زانینگەرایدا بەشداربوون .

**ب- بواری شوێنی:** بواری شوێنی توێژینەوەکە هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، ئەمەش لەو ڕوانگەوە، کە سامپڵی توێژینەوەکە لەڕووی مرۆییەوە گشت مامۆستایانی (٦) پسپۆڕی دیاریکراو لەسەرجەم زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان، لەخۆدەگرێت، هاوکات لەڕووی جوگرافیای دابەشبوونی کەناڵە تەلەفیزیۆنیە دیجیتاڵیەکانی سامپڵی توێژینەوەشەوە ،(هەرێمی کوردستان) دەگرێتەوە، ئەمەش لەوڕوانگەوە کە ئۆفیسی سەرەکی هەرچوارکەنەڵەکە لە پارێزگاکانی (هەولێر،سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە) دایە.

**ج - بواری کاتی :** بواری کاتی توێژینەوەکە ماوەی ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە دەگرێتەوە، کە لە (٢٠٢٢/٤/١) تاکو (٢٠٢٢/٦/٣٠ ) ی خایاندووە.

**١-٩ : ڕاستی ڕواڵەتی:**

ڕاستی ڕواڵەتی بە هەنگاوێکی گرنگی توێژینەوەی زانستی دادەنرێت، لەو ڕوانگەوەو بۆ دڵنیابوونی زیاتر لە ناوەرۆکی پرسیارەکانی فۆرمی ( ڕاپرسی) لە ڕووی( چەندایەتی و چۆنایەتی وڕیزبەندی) ەوە، هەروەها بۆ دەرخستنی دروستی یەکەی ، توێژەر فۆڕمەکانی خستە بەردەستی ژمارەیەک لە پسپۆڕان و شارەزایانی پسپۆڕیەکانی ( میتۆدی توێژینەوە، ئامار، ڕاگەیاندن ، کۆمەڵناسی، ژینگە) .

دوای هەڵسەنگاندنی ووردی فۆڕمەکان لەلایەن ئەو شارەزاو پسپۆڕانەوە ڕاو تێبینیە زانستیەکانیان بە بایەخەوە بینراو جێبەجێ کران، لەو سۆنگەوە گۆڕانکاری لە لابردن و چاکسازی هەندێک بڕگەو پرسیاردا ڕوویدا، تاکو ئەو ئاستەی کە توێژەر لەڕووی زانستیەوە فۆڕمەکەی بەشیاو زانی بۆ دابەشکردن بەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا.

لە خشتەی پاشکۆی توێژینەوەکەدا ناوی بەڕێزانی لێژنەی پسپۆڕانی زانستی و تێبینیە زانستیەکانیان لەسەر بڕگەکانی فۆڕمەکەو ڕێکارەکانی دەرهێنانی ڕاستی ڕواڵەتی خراوەتە ڕوو، هەر بەگوێرەی دەرئەنجامی ڕێکارە زانستیەکانی خشتەی پاشکۆ ئەنجامی ڕێژەی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی فۆرمی ڕاپرسیەکە یەکسانە بە(94.45 ٪) ئەم ئەنجامەش ڕێژەیەکی گونجاوەبۆ پەسەندکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی فۆرمی ڕاپرسیەکە وشیاویێ بۆ دابەشکردنی بەسەر سامپڵی توێژینەوەکەدا .

**١-١٠ : پێوەری جێگیری :**

جێگیری هەنگاوێکی گرنگی توێژینەوەی زانستیەو پێوەری (گونجاندن) ە، واتە پێوانەی دروستی وگونجانە لەوەڵامی بەرتوێژاندا بۆپرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوە، بەواتایەکی تر دانانی پێوەرێکە کە دەتوانرێت لەڕێگەیەوە هەمان پێوەر بۆهەمان ژمارەی بەرتویژان دووبارەبکریتەوە،ئەم دابەشکاریە دووبارە کردنەوەیە دڵنیایی بەتوێژەر دەدات کە تاچەند جێگیری وچەسپاوی لە وەڵامدانەوەی بەرتوێژاندا هەیە و هەروەها تاکو چی ئاستێک ئەنجامی وەڵامەکانیان دوورە لە هەرەمەکی یەوە .

بۆزانینی پلەی جێگیری وەڵامی بەرتوێژانی توێژینەوە دەتوانرێت چەندین تاقیکردنەوە بەکاربهێنرێت،یەکێک لە دیارترین ئامرازەکان بریتیە (ئەلفا کرۆنباغ)، لەم ڕوانگەوە توێژەربۆ دەرهێنانی جێگیری توێژینەوەکە زەرفی (ئەلفا کرۆنباخ) ی بەکارهێناوە.

توێژەرڕێژەی جێگیری بەشیوەیەکی گشتی خستۆتەڕوووبەێ دابەشکردنی بەسەر تەوەرەکاندا، لەوڕوانگەوە ڕێژەی جێگیری وەڵامی بەرتوێژان بۆفۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە دەکاتە (٩٦,١٪)، بێگومان ئەم دەرئەنجامەش ڕێژەیەکی بەرزەو دڵنیایی دەداتە توێژەر بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامی زانستی،هەروەک لەخشتەی خوارەوەدا ڕونکراوەتەوە :

**خشتەی (٢) :**
**خستنەرووی هاوکۆلکەی جێگیری بەشیوەیەکی گشتی بەبەکارهێنانی ئەلفا کرۆنباغ**

| ژمارەی پرسیارەکان | ئەلفا کرونباغ |
| --- | --- |
| 154 | 0,961 |

**١-١١ :چارەسەرە ئامارییەکان:**

لەم توێژینەوەیەدا بەرنامەی ( SPSS full Version 25 ) بەکارهێنراوە،هاوکات خشتە سەرەتاییەکان وخشتە شیکاریەکان بەکارهاتووە،بۆگەیشتن بەئەنجامەکانی توێژینەوەکەش لەناو خشتە شیکاریەکاندا تاقیکردنەوە: (T، ANOVA، کای دووجا) ئەنجامدراوە .

توێژەر ئەم چارەسەرە ئامارییەی بەهاوکاری ڕاوێژکاری ئاماری ئەنجامداوەو هەوڵی داوە زانیاری وردو پێویست و ئەنجامی ئاماری دروست ، دەستبخات.

**١-١٢: پێناسەی کارپێی (اجرائی ) چەمک و زاراوەکان:**

**- گرنگیدانی میدیایی** : مەبەست لێی ڕادەی گرنگیپێدانی تەلەڤیزۆنە دیجیتاڵیەکانە بە بابەتە ژینگەییەکانی پەیوەست بە کلتوری ژینگەیی وکارکردنیان لە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی لای جەماوەر، ئەم بایەخپێدانەش لە میانەی بەرهەمی ژینگەیی هەمەجۆرو بەبەکارهێنانی ژانری میدیایی جیاواز دێتەدی وهەرکەناڵێکی تەلەڤیزۆنی دیجیتاڵیش دەربارەی بابەتی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی بایەخبەندی تایبەتی خۆی هەیە، هاوکات چەندین هۆکاری (میدیایی) و(گشتی) جیاوازیش کاریگەرن لەسەر کەناڵەکە سەبارەت بەچەندێتی ڕادەی ئەوگرنگیپێدانە ژینگەییە.

هەروەها دەکرێت بوترێت کە ئاستی گرنگیپێدان: چەمکێکی پێوەریی لێکۆلینەوەی زانستیەولەم توێژینەوەیە دا پێوەرە بۆدیاریکردنی ڕادەی گرنگیپێدانی تەلەڤیزۆنی دیجیتاڵی لەبونیادنانی کلتوری ژینگەیی لە هەرێمی کوردستاندا، بێگومان خستنەڕووی ئەو (ئاستی گرنگیپێدان)ە ش پێویستی بە ئامرازی زانستی ورێکاری میتۆدیی توێژینەوەی زانستی هەیەولەکۆتاییدا دەرئەنجام و پلەبەندی ئاستەکە لە چوارچێوەی گوزارشتی ئاماری (الدلالة الاحصائية) دا بەرجەستە دەبێت.

**- تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی**: لەدیدی توێژەردا تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی تەوسیستەمە تەلەڤیزیۆنیە یە کە بۆناردن و پەخشی پەیامەکانی سیستەمی ئەنەلۆگی تێپەڕاندووەو پشت بە تۆڕی ئینتەرنێت دەبەستێت، بەگوێرەی گەشەی تەکنۆلۆجی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی چەند جۆری جیاوازی هەیەو توێژەرلەم توێژینەوەیەدا (سێ) جۆری تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی وەرگرتووە کە بریتین لە: وێب تیڤی کەناڵە ئاسمانیەکان، وێب تیڤی کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە ناوخۆییەکان، تەلەڤیزیۆنی ئینتەرنێتی لەدەرەوەی کەناڵی ناوخۆیی وئاسمانی کە بەشێوەی دیجیتاڵی پەخش ئەکەن بەبێ پەنابردن بۆمانگە دەستکردەکان ولەڕێگەی کۆمپیوتەر یاخود مۆبایلی زیرەکەوە پەخشەکەی وەرئەگیرێت.

**- بونیادنان:** مەبەستی توێژەرلە چەمکی (بونیادنان) نەشونوماپێکردن وچەسپاندنی کلتوری ژینگەییە بە شێوەی قۆناغبەندی، لەو ڕوانگەوە توێژەرلە شەن وکەوی ئاستی گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی لە بونیادنانی ئەو کلتورە ژینگەییەدا ڕوونکردۆتەوە.

**- کلتور**: مەبەستی توێژەر لەبەکارهێنانی چەمکی کلتور چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی پیرۆزو بریارلێدراوی نەریتیە وتێکرای داب و نەریت و بەهاو شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕێو ڕەسمە ئاینیەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەگرێتەوە، ئەم کلتورەش بە گوێرەی کات وگۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا گۆڕانی بەسەردا دێت.

**- کلتوری ژینگەیی**: لە دیدی توێژەردا کلتوری ژینگەیی دروستکردنی تێڕوانینێکی کلتوریە بۆ تاک و خێزان وکۆمەڵگا لە بەرانبەرمامەڵەکردن لە گەڵ ژینگەو پاراستن و گەشەپێدانیدا، توێژەر چەمکی کلتوری ژینگەیی لە چوارچێوەی سێ (٣) بنەمای (مەعریفی وکۆمەڵایەتی ودامەزراوەیی) دا دیاریکردووە، لەو ڕوانگەوە بنەمامەعریفیەکان بریتین لە: (پەروەردەی ژینگەیی،ڕۆشنبیری ژینگەیی،هۆشیاری ژینگەیی، گەشتیاری ژینگەیی)، هەروەها بنەما کۆمەڵایەتیەکانیش خۆیان دەبیننەوە لە: (بەهای ژینگەیی، بەرپرسیارێتی ژینگەیی، ئینتیمای ژینگەیی وهاوڵاتی ژینگەیی، بەشداری وهەرەوەزی گەل بۆ خزمەتی ژینگەیی، ڕەفتاری ژینگەیی) ، هەروەها بنەما دامەزراوەییەکانیش پێک دین لە :(ڕاگەیاندنی تایبەتمەندی ژینگەیی، ناوەندە زانستیەکانی تایبەت بە ژینگە، دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە ، ڕێکخراوە مەدەنیە ژینگەییەکان، تەندروستی ژینگەیی، ئاسایشی ژینگەیی، یاسای ژینگەیی) .

**- هەرێمی کوردستان :** مەبەستی توێژەر لەبەکارهێنانی چەمکی ( هەرێمی کوردستان) ئەو یەکە کارگێڕییەیە کە لەدوای ڕاپەرینی جەماوەری ساڵی (١٩٩١)ی خەڵکی هەرێمی کوردستانەوە لە ژێر ناوی (هەرێمی کوردستان) دا لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا دروست بووەو لە ساڵی (١٩٩٢) ەوە تاکو ئێستا خاوەنی حکومەت و پەرلەمانی تایبەت بە خۆیەتی و بەگوێرەی دەستوری عێراق وەک هەرێمێکی فیدراڵی سەربە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ مامەڵە دەکات وخاوەنی مێژوو و شارستانیەت وجوگرافیاو ژینگەو کلتوری تایبەت بە خۆیەتی و ئاستێکی زۆرباش لە ئارامی و پێکەوە ژیانی ئاینی تیادا بەرقەرارە و ڕووبەرێک لە ئازادی کاری سیاسی و میدیایی تیادا فەراهەمە.

## ٢. لایەنی تیۆری توێژینەوەکە:

### ٢-١. چەمکی ژینگە

بنەڕەتی زانستی ژینگە (Ecology) لەووشەی ئیغریقی (oiko) وەرگیراوە کەبەمانای شوێنی نیشتەجێبوون دێت، هەروەها (Oyia) کە مانای دیراسە وزانست لە خۆدەگرێت ومەبەست لێی ئەو زانستەیە کە گرنگی ئەدات بە توێژینەوە لە پەیوەندی یەکگرتووی نێوان زیندەوارانی ناوبونەوەرو ژینگەکەیان، هەروەها پەیوەندی نێوان

زیندەوەرانی ناوبونەوەرلە نێوان خۆیاندا لە لایەک ولەگەڵ پێکهاتەکانی ئەوژینگە نازیندووەی کە تیایدا ئەژین، لەلایەکی ترەوە. ( الحسن،٢٠١٤، ل١٤).

هەروەها لە فەرهەنگ (قاموس) ی (ڕوسی- فەرەنسی) دا پێناسەی ژینگە کراوە بەوەی کە " ئەوچوار چێوەوژینگەیەیە کەزیندەوەر(الكائن الحي) ی تیادا ئەژێت کە کۆمەڵێک ڕەگەزی بایۆلۆجی وکیمیایی وسروستی دەگرێتەوە. ( مصباح، ٢٠١٩، ص١٧) .

**پێناسەی کلتوری ژینگەیی :** کلتوری ژینگەیی لەدیدی (martin)ە وە " توانستی تاکە لەسەر بە کارهێنانی تێگەیشتنە ژینگەییەکەی لە میانەی بیرکردنەوەکانی وکردارەکانی یان (نەریت)ەکانی بۆژیان لەژینگەکەی خۆیداو چێژلێوەرگرت لیی"، بەڵام کلتوری ژینگەیی لەدیدی (دروکاستل)" تێگەیشتنە لە بناغەی کارلێککر دن لەنێوان (مرۆڤ) و(ژینگە) دا بەپێکهێنەرە زیندوووونازیندووەکانیشەوە بەشێوەیەک ئەو کارلێکردنە هەردوو پرۆسەی (وەرگرتن- الاخذ) و(بەخشین- العطاء) لە نێوان (مرۆڤ) و(ڕووەک) و(ئاژەڵ) دا لەخۆ بگرێت." ( أنساعد، لعمراوي ،٢٠١٥-٢٠١٦، ص٣٢).

**٢-٢. بنەماکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی :**

**أ. بنەما مەعریفیەکانی کلتوری ژینگەیی :**

- **پەروەدەی ژینگەیی:** پێناسەدەکرێت بەوەی کە "پرۆسەیەکە گرنگی ئەدات بەئامادە کردنی هاوڵاتیکەلێکی هۆشیارو دەربارەی ئەوژینگەیەی کەتیایدا ئەژین و پەیوەندیدارن بەکێشەکانیەوە، لەڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە هاونیشتمانیان زانیاری و ەهرەو ئاڕاستەو پابەندبوون وپاڵنەری ژینگەییان لەلا گەڵاڵە دەبێت وبەهۆیەوە ئامادەیان دەکات تاکو بەشێوەی تاک یان کۆمەڵ و گروپ کاربکەن بۆچارەسەری کێشە ژینگەییەکانی ئێستاو ئاییندە بەبێ هەوڵدانبۆسەرهەڵدانی گرفتی ژینگەیی نوێیی تر."(ابراهیم،٢٠١٥،ص٢٠).

- **ڕۆشنبیری ژینگەیی:** بریتییە لە"دابینکردنی سەرچاوەی زانیاری وەک کتێب و بڵاوکراوەو بەشداریکردنی ڕۆشنبیرە ژینگەییەکان لە دیالۆگ وگفتۆگۆی ڕادیۆیی وڕۆژنامەوانی و ڕووداو و شوێن و دۆزە ژینگەییەکاندا کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان بەکۆمەڵگاوە هەیە ، بەتایبەت ئەو بابەت و ڕووداوانەی کە ڕەهەندێکی میدیاییان هەیە." (ابراهیم، ٢٠١٥، ص٨).

- **هۆشیاری ژینگەیی:** پێناسەئەکرێت بەوەی کە"درکپێکردنێکە کەوەستاوە لەسەر هەستکردن ومەعریفە بە (پەیوەندی) و(گرفت)ە ژینگەییەکان لەڕوانگەی هۆکارەکانی ڕوودانیان و لێکەوتەکانیان وئامرازەکانی چارەسەرکردنیاندا."(العتیبي،٢٠١٢، ص٦ ) .

- **گەشتیاری ژینگەیی:** چەمکێکە بەئاوێتەکردنی زانستی ژینگە وگەشتوگوزاری هاتۆتەکایەوە وجۆرێکە لە گەشتوگوزار کە جەخت لەگێڕانەوەی مرۆڤ بۆ ناو ژینگەو چێژ وەرگرتن لە سروشت دەکاتەوە، هاوکات لە گەڵ بایەخدان بە پاراستنی هاوسەنگی ژینگەیی، تیایدا مرۆڤ لە لایەکەوە چێژ لە ئەنجامدانی چالاکی گەشتیاری وەدەگرێت، لەلایەکی ترەوە بە ئەنجامدانی گەشتێکی پاک و پوختی پەیوەست بە بنەما ئیتیکیەکانی پاراستنی ژینگەو بەبە کارهێنانی هۆشیارانە وعەقڵیانەی سەرچاوە مرۆییەکان و ڕەچاوکردنی بەرپرسیارێتی ژینگەیی، پشوودەدات. (sanchez، کانون الثاني ٢٠٢١، (https://ar.warbletoncouncil.org/ecoturismo-3063 .

**ب. بنەما کۆمەڵایەتیەکانی کلتوری ژینگەیی :**

- **بەهای ژینگەیی:** یەکێک لەو ڕێگایانەی کە بەهای ژینگەیی - وەک بنەمایەکی کلتوری ژینگەیی- بونیاد ئەنێت، ڕاگەیاندنی ژینگەییە، لەوڕوانگەوە میدیای ژینگەیی بەگشتی و میدیای دیجیتاڵی ژینگەیی بەتایبەتی ئامانجیەتی کە بەهای نوێ لە زەینی تاکدا بچێنێت، تاکو ببێتە فاکتەرێکی پاراستنی ژینگەیی و ڕووبەڕووبونەوەو کەمکردنەوەی کاریگەری کێشە ژینگەییەکان. (عابد، السعید، ٢٠١٤،ص٣٧).

- **بەرپرسیارێتی ژینگەیی:** بریتی یە لە "سازاندنی پەیوەندیەکی دروست و بەرپرسانەی نێوان تاک و گروپ و دامەزراوەکانی کۆمەڵ لەلایەک، لە لایەکی دیکەشەوە، چۆنیەتی ڕەفتارکردنێکی ئاوەزیانەی هاوسەنگە لە گەڵ ژینگەدا، واتە بەرجەستەکردنی پرۆسەی پشتیوانیکردن و پاراستنی ڕەگەزە پێکهاتەییەکانی ئەو ژینگەیەیە کە داهاتووی مرۆڤایەتی لەسەربەندەوەهێشتنەوەی لە باڵاپلەی زیندوێتی خۆیدا،ئەوەش لەڕێی گێڕانەوەی هاوسەنگی بۆ ئەوکارانەی کەپەیوەندی بە ینگەوە هەیە،دێتەدی."( ڕێشاوی ،٢٠١٩ ، ل٨).

- **ئیتیای ژینگەیی وهاوڵاتی ژینگەیی :** ئەم دوو زاراوەیە گوزارشتن لە بوونی دڵسۆزی و پەرۆشی مرۆڤ بۆ ژینگە و پایەیەکی بەهێزی کلتورین بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگە، لەو دیدەوە هاوڵاتی ژینگەیی" ئەوڕەفتارەیە کە تاک ئاڕاستە دەکات بۆ پاراستنی ژینگەی ناوخۆیی وجیهانی و سەرچاوە سروشتیەکانی ودەربازکردنی لەپیسبوون و بایەخدان بە پارێزگاریکردن وگەشەپێدانی بەردەوامی." (المعلولي،٢٠١٤، ص١٨٩).

- **بەشداری وهەرەوەزی گەل بۆ خزمەتی ژینگەیی :** زۆربەی شارەزایانی بواری کۆمەڵناسی جەخت لەوە دەکەنەوە کە بەشداری وهەرەوەزی گەل بۆ خزمەتی ژینگەیی یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی پاراستنی ژینگەیی، هەروەک پێیان وایە ئاستی سەرکەوتنی پرۆژە ژینگەییەکان تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بەبەشداری وهاوبەشێتی یەکەوچین وتوێژەکۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەوە،کە ئەمەش بەبوونی فرسەتی یەکسان لەبەردەم بەشدا ری هەرتاکێکدا لە پرۆژەوهەڵمەتە ژینگەییەکاندا دێتەدی.(سبع،٢٠١٥، ص٨٩ ) .

- **ڕەفتاری ژینگەیی :** مەبەست لە ڕەفتاری ژینگەیی "جۆرێکە لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی کەناوەرۆکەکەی هەریەک لە ئاڕاستەی ئەرێنی و ئاڕاستەی نەرێنی دەربارەی ژینگە لە خۆدەگرێت." ( خویصات، بوفیجلین، ٢٠١٦، ص٢٦).

مرۆڤ کاراکتەرێکی بنەڕەتی وهۆکارێکی یەکلاکەرەوەیە بۆشێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگەو سودبینین لە سەرچاوەکانی، واتا هەربە مرۆڤ ژینگە ئەپارێزرێت و هەرمرۆڤیش وێرانی دەکات،هاوکات بوونی ڕۆشنبیری و کلتورێکی ژینگەیی ڕۆڵی بەرچاو ئەبینن لە گەشەپێدانی ئەم ڕەفتارە ئەرێنیە ژینگەیەدا. (المعلولي،٢٠١٣-٢٠١٤، ص١٨٨).

**ج : بنەما دامەزراوەییەکانی کلتوری ژینگەیی :**

- **ڕاگەیاندنی ژینگەیی:** ڕاگەیاندن وەک کایەیەکی مەدەنی لە توانستیدا هەیە بنەمایەکی پشکدارێیت لە پێکهێنانی کلتوری ژینگەییدا بۆ ئەومەبەستە لقێکی بەناوی ڕاگەیاندنی ژینگەییەوە تەرخان کردووە کە "جۆرێکی ڕاگەیاندنی تایبەتمەندە کە هەڵئەسێت بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ وزانیاری دروستی ژینگەیی وئامانج لێی بەرچاو ڕۆشنکردنەوەی جەماوەرە دەربارەی دۆزو بابەتە ژینگەییەکان، هەروەها دروستکردنی هۆشیاریەکی گونجاو دەربارەیان، هاوکات هەوڵدان وکۆششکردنە لەپێناوی پاراستنی ژینگەدا."( خاطر، ٢٠١٩، ص٥٦).

**- ناوەندە زانستیەکانی تایبەت بە ژینگە :** بەڵام وپاڵپشتێکی گرنگ بۆ بەهێزکردنی کلتوری ژینگەیی لە کۆمەڵگادا ناوەندە زانستیەکانی تایبەت بەژینگەن، لەوکۆشەنیکایەوە ئەکادیمیستان بەگشتی و پسپۆڕانی زانستی ژینگەیی زانکۆو پەیمانگاکان بە تایبەتی، ئەرکیانە لێکۆڵینەوەی زانستی پێکەوەیی (Recercher Grup ) لە بواری زانستی ژینگە دا بە گشتی ئەنجام بدەن،هەروەها بە دانانی وانەی ژینگەیی نوێ وچالاکی زانستی هەمەجۆرخزمەت بە بونیادنانی ئاستی کلتوری ژینگەیی بکەن. (عوسمان، حسێن،٢٠١٣،ل ٥١).

**- لایەنی حکومی پەیوەندیدار بە بواری ژینگە :** پێویستە لایەنی حکومی پەیوەندیدار بە بواری ژینگە - جگە لەدانانی پلان وسیاسەتی ژینگەیی بەردەوام پێداچوونەی پلانی ژینگەیی خۆیان هەبێت، بە تایبەت پیداچوونەوە بەئەودرزوکە لەبەرانەی کە لەیاسای ژینگەییدا هەیە تاکو بە دووبارە هەموارکردنی یاساکانی ژینگە پڕبکرێنەوە، هاوکات چاو پێداخشاندنەوە بکەن بە ئاستی چۆنایەتی ئەو ڕاپۆرتە ژینگەییانەی کە ئامادەی ئەکەن. ( الانتوساى ، ٢٠٠٧، ص١٠٣،١٠٤) .

**- ڕێکخراوە مەدەنیە ژینگەییەکان:**
ڕێکخراوە مەدەنیەکان بەگشتی (پایە) یەکێ لە پایەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنی وبەپردی پەیوەندی نێوان هاوڵاتیان ودەسەڵات دائەنرێن،هەروەها دەستەبەری سەرەکی هۆکاری سەرکەوتنی هەوڵە مەدەنیەکانن کەئامانج لەوهەوڵانەش هێنانەدی گەشە پێدانی مرۆیی وگەشەپێدانی بەردەوام هەیەلەکۆمەڵگادا.
. (Cortright, Lopez , Millar , Gerber,٢٠٠٨, P:105)

**- تەندروستی ژینگەیی:** دیوێکی ترکە زانستی ژینگەیی دەبەستێتەوە بەکۆمەڵگاوە بریتیە لە بواری تەندروستی ژینگەیی ، یەکێک لەوهۆکارانەی کە ئاسایشی تەندروستی ژینگەیی دەخاتە بەردەم مەترسیەوە بریتیە لە: (پیسبوونی ژینگەیی میکرۆبی) کە مەبەست لێی" ئەو پیسبوونەیە کە بەهۆی زۆربوونی ژمارەی پێکهاتە زیندەوەرە ووردە زیانبەخشەکانەوە ڕووئەدات کە هۆکارن بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لە ژینگەی مرۆڤدا، هەروەها هۆکارن بۆ پیسبوونی ئاو وهەواو خاک و خواردن". ( النتشة، ٢٠٠٦، ص١٣)

**- ئاسایشی ژینگەیی:** لایەنێکی ترکە لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو وەک زانست ئەخوێنرێت وپەیوەندیەکی پتەوی بەکلتوری ژینگەییەوە هەیە زاراوەی ئاسایشی ژینگەییە، لە ئێستادا (چەمکی ئاسایش) ئەومانایەی تێپەڕاندووە کە تەنها وەک ئاشتیسازی وپاراستنی هاونیشتمانیان شرۆڤە بکرێت، بەڵکو ئاسایشی ژینگەیی لەسەرجەم بوارەکانی ئاسا یشی خۆراکی ورووەکی وئاوی وئاژەڵی وباڵندەی کێوی وهتد..دا بەرجەستە ئەبێت وبەشێکی گرنگی ئاسایشی کۆمەڵگا پێکدەهێنێت ونەبوونی ئاسایش لەهەریەک لەم بوارانەو بوارە ژینگەییەکانی تردا دەبێتە هۆی بەرقەرارنەبوونی ئاسایشی ژینگەیی وەک بەشێکی پەیوەندیداربەکلتوری کۆمەڵگاو ئارامی ژیانی هاونیشتمانیانەوە. (بارزانی، ٢٠١٠، ل١٢٣).

**- یاسای ژینگەیی:** مەبەست لە یاسای ژینگەیی لەگەڵ بەردەوامی پیسبوونی ژینگەو دستدرێژی ژینگەییدا بوونی دامەزراوەی تایبەتی پەیوەندیداربە ژینگە بەتەنها ناتوانێت گرەنتی پاراستنی ژینگەیی بکات ئەگەر یاساکانی پاراستنی ژینگەیی پاڵپشتی ئەو ئەو هەوڵانە نەبن، جێبەجێکردنی ئەم یاسایانە ئەرکی دامودەزگای تایبەتمەندی ژینگەییە، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم دامەزراوانە پێویستیان بە دەسەڵاتێکی سەربەخۆو بەرفراوان هەیە تاکو بتوانن هەم یاساکان جێبەجێ بکەن هەم بەدواداچوون بۆ گرفت ولەمپەرەکانی بەردەم پراکتیزەکردنی یاساکان بکەن. (ساڵح، علی، ٢٠١٥،ل٥ ).

**٢-٣. تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی**

**أ. پێناسەی تەلە ڤیزیۆنی دیجیتاڵی :**
لەو ڕوانگەوە کە تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی داهێنراوێکی نوێیە وبەمەبەستی ناساندنی چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، یەکێک لەو پێناسانە لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد دا ئاماژە بەئەوەکراوەکە: سیستەمێکی پەخشی تەلەڤیزیۆنیە کە ئاماژەوهێمای ژمارەیی لەجیاتی هێمای ئەنەلۆگ تیایدا بەکاردەهێنرێت،ئەو پەخشە دیجیتاڵیە لە ڕێگەی پەخشی سەر زەوەی یاخود لەرێگەی پەخشی مانگە دەستکردە کانەوە دەبێت،(DTT) بەمانای تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی پەخشی سەرزەوی وهەروەها (SATV) بەمانای تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی پەخشی مانگە دەستکردەکان دێت، هەردوو جۆری ئاماژەپێدراو لە چوارچێوەی دیجیتاڵدا ئەژمار ئەکرێن و لەو بارەوە جیاوازیان نیە.
. (Oxford , 21/6/2022, https://www.oxfordreference.com)

**ب. تایبەتمەندیەکانی تەلەڤیزیۆنی دیجیاڵی:**
تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی وەک ئامرازێکی دەنگی ورەنگی میدیای دیجیتاڵی چەند تایبەتمەند یەک لە خۆ دەگرێت، کە گرنگترینیان بریتین لە :

**- پەیوەست نە بوون بە کات و شوێنەوە :** تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بەخشەری کاتی کراوە یە بەبینەرانی وهەرگیز بینەرانی ناچار ناکات بۆ بۆبینینی پەیامەکانی کاتێکی دیاری کراوهەڵبژێرن، بینەران ئازادن لەوەی لەهەرکاتێکدا کە بۆیان گونجاوبێت بەشداری کاراو کارلێکی خۆیان وەک نێرەر یاخود وەرگرلە پرۆسەی ڕاگەیاندنی دیجیتاڵیدا پیشان بدەن.

**-کارلێککردن :** مەبەست لەخەسڵەتی کارلێککردن ئەو تایبەتمەندیە نوێیەیە کەتەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی دەیبەخشێت بە بینەرانی کە توانستی ئاڵوگۆڕکردنی (ڕۆڵ) ەکانیان هەیە لە (نێرەر)ەوە بۆ( وەرگر) وبەپێچەوانەشەوە، لە فەزای دیجیتاڵیدا جۆری گەیاندنی پەیام پەیوەندیەکی دوو ئاڕاستەییە نەک یەک ئاڕاستەیی فەرزکراو، لەم پەیوەندیە ئاڵوگۆڕکاریەدا زەمینەی ئاڵوگۆڕی پەیام وگفتوگۆی نێوان هەردوولایەنی نێرەرو وەرگر دەڕەخسێت. (سلێمان ،٢٠٢٠، ص ١٩) .
(کارلێککردن- التفاعل) دەتوانێت بەرزترین ئاستی تێگەیشتن و ئیدراک و بیرهاتنەوەی زانیاریەکان بە بینەر ببەخشیت، بینەری تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی زۆر جیاوازە لە بینەری میدیای نەریتی کە بینەرێکی بێ ڕۆڵی نەرێنیە، ئەمەش لەو ڕوانگەوە کە کارلێککردن لە نێوان دوو ئاڕاستەی کارادا دێتەدی و توێژینەوەکان ئاماژە بە ڕۆڵی بەرزی کارلێککردن ئەکەن لەسەرجەم قۆناغەکانی پێشکەشکردنی بابەتەکەوهاندانی وەرگر بۆ بیرلێکردنەوە و ئیدراکی زەینی لەسەری، هاوکات یارمەتیدەرە لە خەزن کردن وگەڕانەوە بۆبابەتی گفتوگۆ لە کاتی پەیڤین یاخود دواتردا بەشێوەیەکی ئەرێنی، ئەمە جگە لەوەی بە ئاسانی زانیاری نوێ زیاد دەکات بۆ سەر ئاڕاستەی گفتوگۆکە . (چنار نامق، ٢٠٢٠، ص٤٨،٤٩).

**- تاککەرێتی:** تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بەهای زیاتری بۆ تاک گێڕایەوە گەشە بەتاکگەرێتی دەدات، چەندین بەرنامەو گرتەی ڤیدیۆیی و وێنەی فۆتۆگرافی دەخاتە بەردەم تاک و ئازادی هەڵبژاردن وگەڕانی بەدوای زانیاریەکان پێ ئەدات، هاوکات بەهۆی ئەوەی ئەم تەلەڤیزیۆنە زۆربەی کات لە قاڵبی ڕۆژنامەوانی مۆبایلی (mojo) دا بە بینەر ئەگات، هەر خودی ئامێری مۆبایلیش ئامێرێکی کەسیەو بینەر تەنها بەرنامەکان دەبینێت و هەر بە تەنهاش پەرچەکردارەکانی دەرئەبڕێت ، لێرەدا پێگەی تاک لە کۆمەڵگادا بەرزتر ئەکاتەوە و بەگوێرەی پێداویستیەکانی و دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارەکانی بینەری ئەم تیڤیە ئەبێت،هاوکات ئەگەرتاک ئارەزوو بکات ئەوا نەک هەر بینەری تەلەڤیزیۆنی

ديجيتاڵی دەبێت بەڵکو دەتوانێت کاراکتەرێکی خاوەنڕۆڵی پرۆسەی گەیاندنی ديجيتاڵی ش بێت. ( السباعي، عبد الرحمن ، 2018، ص20).

- **خەزنکردن و پاراستنی زانیاریەکان :** تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی وەک ئامرازێکی دیجیتاڵی دەرفەتی خەزنکردن و پارێزگاریکردن لەمانەوەی زانیاریەکان بۆ بینەرانی ئەڕەخسێنێت بەشێوازێک ئاسانکاری بۆ بینەر دەکات کە زانیاریەکانی پەیامیکی میدیایی خەزن بکات هاوکات توانستی گەڕانەوە بۆ زانیاریەکانشی پێ ئەدات لە هەرکاتێکدا کە بیەوێت .

- **ئاگایی وسەرنجڕاکیشان :** تەلەڤیزیۆنێ دیجیتاڵی لە توانایيدا هەیە کەئاگایی بە بینەرەکانی ببەخشێت وسەرنجیان بۆ پەیامەکانی ڕابکێشیت، ئەمەش لەو ڕوانگەوە کە بینەر لە میدیای دیجیتاڵیدا بەگشتی و لە تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵیدا بەتایبەتی بەرادەیەکی زۆر کارلێک (تفاعل) لەگەڵ پەیامی میدیاییدا دەکات و دەبێتە کاراکتەرێکی خاوەن ڕۆڵ و کاراو توانستی ڕادە ڕبڕین وپەرچەکردار (feedbak) ی بەهێزی هەیە، لەو دیدەوە خەسلەتی ئاگایی بەخشین و سەرنجڕاکیشانی بینەرتیایدا لە ئاستێکی بەرزدا دەبینرێت . ( حسان، ٢٠٢٠، ص ٣٧) .

- **گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوە** : بەبەراورد بە میدیای نەریتی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی وەک خەسلەتێکی گرنگ سەکۆی فروانتر بۆ گفتۆگۆو ڕاگۆڕینەوە وپەیڤین دەرەخسێنێت ، ئەمەش لەرێگەی پیدانی توانستی پێشکەشکردن و گەیاندنی سەرنج (Comment) بە هەردوو زمانی هێماو زمانی نوسین .

- **دیارەدی کۆمەڵگەی گریمانەیی:** تەلەڤیزیۆنی دیجیتالی وەک ئامرازێکی میدیای نوێ دیارەدی کۆمەڵگەی گریمانەیی (مجتمع الافتراضی) هێناوەتەکایەوە وگەشەی پێ ئەدات، کە تیایدا پەیوندیەکان وئاڵوگۆڕی پەیامەکان لە کۆمەڵگەیەکی گریمانەیی ناڕاستەقینە و نابەرجەستەدا ئەسازێنێت.

- **کەناڵی خەڵك:** خەسلەتێکی تری تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی وەک ئامرازێکی میدیای دیجیتاڵی لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە دەبێتە مینبەرو کەناڵی خەڵک و پاوانخوازی و هەژموونی گەورەی دامەزراوە میدیاییە پاوانخوازیەکان تیکئەشێنیت،بەشێوەیەک دەرفەت دەرەخسێنێت کەپەیامی میدیایی لەخەڵکەوە بۆ خەڵک بنێردرێت.(بابان، ٢٠٢١ ، ص٢٢).

- **نەرمی :** یەکێکی تر لەخەسڵەتە تایبەتمەندەکانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی،نەرمی و ئاسانکاریەی دەسخستنی زانیاریەکانە کەلە دوو ڕەهەندا بەرجەستە دەبێت، نەرمی و ئاسانی بەکارهێنانی ئامێری دیجیتاڵی کۆمپیوتەرو مۆبایل و تەلەڤیزیۆن کە پێویستیان بە لانی کەمی زانیاری هەیە بۆ بەکارهێنانیان، هاوکات ڕەهەندی دووەم لە نەرمی مامەڵە لەگەڵ تیڤی دیجیتاڵی کە لە ئاسانی دەستخستنی زانیاریەکان وگەڕانەوە بۆ ئەرشیفی تەلەڤیزیۆنەکە و سانایی توانای گوێگرتن وهەڵبژاردنی کاتی گونجاو بە گوترەی خواستی بینەراندا بەرجەستە دەبێت . ( الجندی، ٢٠١٩، ص١٩).

## ٢-٤. خزمەتگوزاریەکانی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی :

تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی تازەترین بەرهەمی تەکنۆلۆجی ودیجیتاڵیە کە لە ئێستادا بینەران لەسەر ئاستی تاک و خێزانەکان چێژ لە تایبەتمەندیە گرنگ و خزمەتگوزاریە کارلێکیەکانی وەردەگرن کە تەکنۆلۆژیای تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بۆبینەرانی ڕەخساندویەتی، لەو خزمەتگوزاریانەش بریتین لە :

- تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی توانستی ئەوەی هەیە چەند خزمەتگوزاریەک پێکەوەو لەیەک کاتدا ببەخشێت ، ئامانج لەم خزمەتگوزاریە هاوبەشانە گەیاندنی پەیامی میدیاییە بەبەرزترین کوالێتی و ڕوونترین شێوە ، لەو خزمەتگوزاریانەش دەنگ و ڕەنگ و زانیاری (البیانات) و تێکستی تەلەڤیزیۆنیە کە بە فۆرمێکی دیجیتاڵی دەبنە پێشمەرج بۆبەرهەمهێنانی پەیامێکی میدیایی ڕوون و کارا . ( الدلیمی ، ٢٠٢٠، ص٣٦).

- تەلەڤیزیۆنی کارلێکی (تفاعلی) وەک دەرکەوتەیەکی تەلەڤیزیۆنی لە توانایدا هەیە بەدەر لە تۆمارکردنی بەرنامەی هەمەجۆری تەلەڤیزیۆنی دەرفەتی هەڵبژاردنی ڤیدیۆ هەمە چەشنەکان بۆ بینەر بڕەخسێنێت بە گوێرەی خواستی بینەران،هاوکات دەتوانێت چەندین پەیامی جیاواز لەرێگەی هەمان تیڤیەوە بە پەخشی جیاواز بەبینەرانی بگەیەنێت. (عبدالرزاق الدلیمی، ٢٠١٩، ، ص ٤١) .

لەخزمەتگوزاریەکی تری تەلەڤیزیۆنەدا بینەردەرفەتی ئەوەی پێدراوە کەبەرنامەکان خەزن بکات بۆ ئەوەی لەکات وشوێنی گونجاودا بگەڕێتەوە بۆبینینی بەبێ هیچ ڕێگریەک ، هاوکات بینەر ئازادە لەوەی بگەڕێتەوە بۆبینینی ناوەڕۆکی هەر بەرنامەیەک لە کاتی گونجاودا.

- تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی خزمەتگوزاری بازرگانی پێشکەش بە بینەران دەکات، ئەمەش لەرێگەی خستنەڕووی سەرجەم ئەوکاڵا وشمەک و خزمەتگوزاریە بازرگانی و بانکیانەی کە بینەر ئەیەوێت دەستیان بخات یاخود بیانکڕێت لە بەرئەوەی دەتوانێت لەڕێگەی ئەم تەلەڤیزیۆنە یاخود سایتەکانیانەوە ئەو شمەک و خزمەتگوزاریانە ببینێت پێش ئەوەی بڕیاری کڕینیان بدات .

- خزمەتگوزاری ڕێکلام : ڕوبەرێکی گەورەی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بۆ خزمەتگوزاری ڕێکلام دیاریکراوە، ئەم ڕێکلامە دیجیتاڵیانە بەدەر لەوەی کە نرخ و جۆری شمەکەکان دەخاتە بەرچاوی بینەر، هاوکات بەهۆی هونەرەکانی دەنگ ورەنگ وهونەری زۆر دووبارەکرنەوەوە و دەرفەتی دووبارە گەڕانەوە بۆیان زیاترسەرنجی بینەر ڕائەکێشێت ودەبێتە هۆی خێراکردنی بڕیاری کڕین، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بینەر دەتوانێت لەڕێگەی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵیەوە ڕێکلام بۆ بەرهەمێکی تایبەت بە خۆی بکات.
( Kennedy, Jessica، December 2012, Pp ).

## ٣. لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە:

لایەنی مەیدانی ئەم توێژینەوەیە ڕاڤەکردنی ئەو پرسیارانەی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکەی لە خۆگرتووە کە بوونەتە ئەنجام بۆ ئامانج وپرسیارەکانی توێژینەوەکە، هاوکات ئەو پەیوەندیە ئاماریانەشی خستۆتەڕوو کە یارمەتیدەربوون بۆ وەڵامدانەوەی گریمانەکانی توێژینەوەکە،لەو ڕوانگەوە توێژەرهەوڵیداوە بۆ هەرخشتەیەک وەسف و ڕاڤەی داتاکان و ڕای توێژەردەربارەی ئەنجامەکان بخاتەڕوو،بەم شێوەیەی خوارەوە:

### ٣-١. زانیاریە گشتیەکان :

**یەک- ڕەگەزی بەرتوێژان:**

خشتەی ئاماژەپێکراوی خوارەوە تایبەتە بەخستنەڕووی ڕەگەزی بەرتوێژان، لەو ڕوانگەوە زۆرترین ڕێژەی بەشداریکردنی بەرتوێژان لەم توێژینەوەیەدا ڕەگەزی (نێر) ە بەرێژەی سەدی (60.1)، لەبەرانبەردا ڕێژەی سەدی ڕەگەزی(مێ) دەگاتە (39.1)، هەروەک لە خشتەی (٣) دا ڕووونکراوەتەوە :

**خشتەی (٣) :**

**دابەشبوونی بەرتوێژان بەپێی ڕەگەز**

| ڕەگەز | دووبارە | ڕێژە | پلە |
|---|---|---|---|
| نێر | 182 | ٪60.1 | یەکەم |
| مێ | 121 | ٪39.9 | دووەم |
| کۆی گشتی | 303 | ٪100.0 | |

## دوو- نازناوی زانستی بەرتوێژان :

بە گوێرەی زانیاریەکانی خشتەی خوارەوە ( ٪48.2 ) ی بەرتوێژانی توێژینەوە خاوەنی نازناوی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر) ن، کە (پلەی یەکەم) ی وەرگرتووە، ئەمەش ئەوە نیشان ئەدات کە ڕێژەی مامۆستایانی ئەم نازناوە زانستیە لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستاندا ڕێژەیەکی بەرچاوە ، هەروەها خشتەکە ئاماژە بەئەوە دەکات کە ( ٪ 25.7 ) ی بەرتوێژانی توێژینەوەکە هەڵگری نازناوی زانستی ( پرۆفیسۆری یاریدەدەر) ن .

هاوکات هەڵگرانی نازناوی زانستی( مامۆستا)، بە ڕێژەی (٪ 23.1) وەک بەرتوێژی توێژینەوەکە بەشداربوون، لەکۆتاپلەشدا کە( پلەی چوارەم)ە هەڵگرانی نازناوی زانستی (پرۆفیسۆر) بەڕێژەی (٪3.0) هاتووە، هەروەک لەخشتەی (٤) دا خراوە تەڕوو:

**خشتەی (٤) :**

**دابەشبوونی بەرتوێژان بەپێی نازناوی زانستی :**

| نازناوی زانستی | دووبارە | ڕێژە | پلە |
|---|---|---|---|
| مامۆستای یاریدەدەر | 146 | ٪48.2 | یەکەم |
| مامۆستا | 70 | ٪23.1 | سێیەم |
| پرۆفیسۆری یاریدەدەر | 78 | ٪25.7 | دووەم |
| پرۆفیسۆر | 9 | ٪3.0 | چوارەم |
| کۆی گشتی | 303 | ٪100.0 | |

## سێ - بەشە زانستیەکانی بەرتوێژان:

بە گوێرەی زانیاریەکانی ئەم خشتەی خوارەوە ، ( ٪ 30.7 ) ی بەرتوێژانی توێژینەوە لە بەشی زانستی (جوگرافیا)ن، کە (پلەی یەکەم) ی وەرگرتووە، ئەمەش لەئەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەم بەشە لە زۆرینەی زانکۆ حکومیەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەدا بوونی هەیە، دواتر بەرتوێژانی بەشە زانستیەکانی (کۆمەڵناسی) بە ڕێژەی (17.5%) هاوکاری زانستی بوون لە وەڵامدانەوەی فۆرمی ڕاپرسیەکەدا کە لە (پلەی دووەم) ی بەرتوێژانی توێژینەوەکەدا دێت .

هەروەها بە پێی ئەم ئەنجامە ڕێژەی (٪9.6) ی بەرتوێژانی توێژینەوەکە لە مامۆستای بەشە زانستیەکانی ( تەکنیکی میدیا ) ن، کە ( پلەی سێیەم )ی بەرکەوتووە، لە (پلەی چوارەم ) یشدا مامۆستایانی زانکۆلە بەشە زانستیەکانی (کاری کۆمەڵایەتی) دێت کە بەڕێژەی سەدی (8.3%) بەشداربوون لە ڕاپرسیەکەدا، لە بەرانبەردا ڕێژەی بەرتوێژانی بەشە زانستیەکانی (ڕاگەیاندن) دەگاتە (٪7.9) ی بەرتوێژانی توێژینەوەکە کە ( پلەی پێنجەم) ی وەرگرتووە.

لە ( (پلەی شەشەم) یشدا مامۆستایانی پسپۆڕی بەشە زانستیەکانی (ژینگە) بە ڕێژەی سەدی (6.6) بەشداربوون وەک بەرتوێژی توێژینەوەکە، دوابە دوای ئەو ڕێژەیە بەرتوێژانی بەشی زانستی (زانست و تەندروستی ژینگە) بەڕێژەی (٪5.0) و لە (پلەی حەوتەم) دا سامپڵی وەڵامدانەوەی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە بوون، (پلەی هەشتەم) یش دەری ئەخات کەمامۆستایانی بەشی زانستی (کارگێڕی ڕێکخراوە گەشتیاریەکان) بە ڕێژەی (3.3) ی کۆی بەرتوێژانی توێژینەوەکە بەشداری زانستی وەڵامدانەوەی فۆرمی ڕاپرسی بوون .

دواترو لە (ئاستی نۆیەم) دا بەرتوێژانی بەشە زانستیەکانی (گەشتوگوزار) بە ڕێژەی سەدی (3.0) بەشدار بوون لەوەڵامدانەوەی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکەدا.

(ئاستی دەیەم) یش تەرخانە بۆ مامۆستایانی هەریەکە لە بەشە زانستەکانی (ئەندازیاری شارستانی و ژینگە) و (گەشتوگوزارو ڕیقەبردنا ئوتێلا) کە بەڕێژەی (٪2.3) وەک بەرتوێژ بەشداریان کردووە.

لە بەرانبەردا بەرتوێژانی ( کارگێڕی دەزگاکانی گەشتیاری ) بەڕێژەی( ٪2.0) لە (ئاستی یانزەیەم) دا بەشداربوون، لەکۆتا ئاستیشدا کە (ئاستی دوانزەیەم) بەرتوێژانی بەشی ( زانستی ژینگە ) بەڕێژەی (٪1.7) بوونە بەرتوێژی توێژینەوەکە، کەمی بەشداربوانی ئەم بەشەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەتەنها لە (١) زانکۆی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا بوونی هەیە ، هەروەک لە خشتەی (٥) دا ڕوونکراوەتەوە :

**خشتەی (٥) :**

**دابەشبوونی بەرتوێژان بە پێی بەشە زانستیەکانیان:**

| بەشی زانستی | دووبارە | ڕێژە | پلە |
|---|---|---|---|
| کۆمەڵناسی | 53 | ٪17.5 | دووەم |
| تەکنیکی میدیا | 29 | ٪9.6 | سێیەم |
| جوگرافیا | 93 | ٪ 30.7 | یەکەم |
| ڕاگەیاندن | 24 | ٪ 7.9 | پێنجەم |
| زانست و تەندروستی ژینگە | 15 | ٪ 5.0 | حەوتەم |
| زانستی ژینگە | 5 | ٪ 1.6 | دوانزەیەم |
| ژینگە | 20 | ٪ 6.6 | شەشەم |
| ئەندازیاری شارستانی و ژینگە | 7 | ٪ 2.3 | دەیەم |
| گەشتوگوزارو ڕیقەبردنا ئوتێلا | 7 | ٪ 2.3 | دەیەم |
| گەشتوگوزار | 9 | ٪ 3.0 | نۆیەم |
| کاری کۆمەڵایەتی | 25 | ٪ 8.2 | چوارەم |
| کارگێڕی ڕێکخراوە گەشتیاریەکان | 10 | ٪ 3.3 | هەشتەم |
| کارگێری دەزگاکانی گەشتیاری | 6 | ٪ 2.0 | یانزەیەم |
| کۆی گشتی | 303 | ٪ 100.0 | |

## چوار- بەشە پسپۆڕیە زانستیەکانی بەرتوێژان :

خشتەی ئاماژەپێکراوی خوارەوە تایبەتە بە دابەشبوونی بەشە پسپۆڕیە زانستیەکانی سامپڵی توێژینەوەکە، لەو ڕوانگەوە زۆرترین ڕێژەی بەشداریکردنی بەرتوێژانی توێژینەوە کەبەگوێرەی بەشە پسپۆڕیەکان لە لەسەرجەم زانکۆ حکومیەکاندا ، لە( بەشە پسپۆڕی جوگرافیا ) بووە کەڕێژەکەی (٪30.7) بووە ولە (پلەی یەکەم) دا هاتووە ، ئەمەش لەئەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەم بەشە لە زۆرینەی زانکۆ حکومیەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەدا بوونی هەیە، دوابە دوای ئەولە (پلەی دووەم) دا

بەرتوێژانی ( بەشە پسپۆڕی ژینگە) دێت کە بەڕێژەی سەدی (15.5) بەشداریان کردووە.

لە( پلەی سێیەم) دا بەرتوێژانی (بەشە پسپۆڕی گەشتوگوزار) ڕیزبەند کراوە کە بە ڕێژەی (10.6٪) هاتووە،دواتر بەرتوێژانی هەریەکە ( ەشە پسپۆڕی کۆمەڵناسی) و(بەشە پسپۆڕی ڕاگەیاندن) بەڕێژەی( 17.5٪) لە (پلەی چوارەم) دا بەشداربوون.

لە کۆتا پلەشداکە ( پلەی پێنجەم )ە بەرتوێژانی (بەشە پسپۆڕی کاری کۆمەڵایەتی) بەڕێژەی (8.3٪) ڕۆڵیان هەبووە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی فۆڕمی ڕاپرسی توێژینەوەکەدا، کەمی بەشداربوانی ئەم بەشەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەتەنها لە (سێ) زانکۆی حکومی لەکۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا بوونی هەیە، هەروەک لە خشتەی (٦) دا ڕوونکراوەتەوە:

دەستنیشانکردنی ئاستی (کەناڵە دیجیتاڵیەکان) و (گرنگپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە بنەماکانی کلتوری ژینگەیی) بە گوێرەی پۆلێنکاری ( لیکارد) ئەنجامدراوە، کە پەیوەستە بە (ناوەندی ژمێرەیی) ەوەو بە شێوەیەکی گشتی و لەکۆتاییدا بەم شێوەیەی خوارەوە خراوەتەڕوو:

لە ( ١) بۆ کەمتر لە ( ١،٨٠ ) بەمانای (هەرگیز) دێت.

لە ( ١،٨٠) بۆ کەمتر لە ( ٢،٦٠ ) گوزارشت لە ( بە دەگمەن) دەکات .

لە ( ٢،٦٠ ) بۆ کەمتر لە ( ٣،٤٠ ) واتای (هەندێکجار) دەبەخشێت.

لە ( ٣،٤٠ ) بۆ کەمتر لە ( ٤،٢٠ ) بە ( زۆرجار) ئەژمار دەکرێت.

لە ( ٤،٢٠ بۆ ٥ ) ، مانای (هەمیشە) دەگەیەنێت.

**خشتەی (٦ ) :**

**دابەشبوونی بەرتوێژان بە پێی بەشە پسپۆڕیە زانستیەکانیان:**

| بەشە پسپۆڕیەکان | دووبارە | ڕێژە | پلە |
|---|---|---|---|
| بەشە پسپۆڕی جوگرافیا | 93 | 30.7 ٪ | یەکەم |
| بەشە پسپۆڕی ژینگە | 47 | 15.5 ٪ | دووەم |
| بەشە پسپۆڕی گەشتوگوزار | 32 | 10.5 ٪ | سێیەم |
| بەشە پسپۆڕی کۆمەڵناسی | 53 | 17.5 ٪ | چوارەم |
| بەشە پسپۆڕی ڕاگەیاندن | 53 | 17.5 ٪ | چوارەم |
| بەشە پسپۆڕی کاری کۆمەڵایەتی | 25 | 8.3 ٪ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | 303 | 100.0 ٪ | |

## پێنج - گرنگپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بەبنەماکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی بە گوێرەی ڕەگەزی بەرتوێژان:

لەمیانەی پیشاندانی گرنگپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە بنەماکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی (بنەما مەعریفیەکان، بنەما کۆمەڵایەتیەکان، بنەما دامەزراوەییەکان) بەگوێرەی ڕەگەزی بەرتوێژان، بە بەکارهێنانی ناوەندی ژمێرەیی ولادانی پێوانەیی دەردەکەوێت کە ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی (نێر) لە ( بنەما مەعریفیەکان) دا زیاترە بە بەراورد بە ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی ( نێر) لە (بنەما کۆمەڵایەتیەکان) و( بنەما دامەزراوەییەکان) دا کە دەکاتە (2.4484) و ( لە پلەی یەکەم ) دا هاتووە، هاوکات ناوەندی ژمێرەیی (نێر) لە (بنەما دامەزراوەییەکان) دا بریتیە لە (2.3966) کە لە (پلەی دووەم) دا هاتووە، لەبەرانبەردا ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی (نێر) لە (بنەما کۆمەڵایەتیەکان) دا یەکسانە بە (2.3880) کە ( پلەی سێیەم ) وکۆتایی وەرگرتووە.

لەلایەکی ترەوە بەبەکارهێنانی ناوەندی ژمێرەیی ولادانی پێوانەیی دەردەکەوێت کە ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی (مێ) لە (بنەما مەعریفیەکان) دا زیاترە بەبەراورد بە ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی (مێ) لە (بنەما کۆمەڵایەتیەکان) و( بنەما دامەزراوەییەکان) دا کە دەکاتە (2.4342) و لە ( پلەی یەکەم) داهاتووە، هاوکات ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی (مێ) لە (بنەما دامەزراوەییەکان) دا بریتیە لە (2.3956) کە لە (پلەی دووەم) داهاتووە، لەبەرانبەردا ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی (مێ) لە (بنەما کۆمەڵایەتیەکان) دا یەکسانە بە (2.3404) کە ( پلەی سێیەم) و کۆتایی وەرگرتووە، هەروەک لە خشتەی (٧) دا ڕوونکراوەتەوە:

**خشتەی (٧) :**

**پیشاندانی گرنگپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە بنەماکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی (بنەما مەعریفیەکان، بنەما کۆمەڵایەتیەکان، بنەما دامەزراوەییەکان) بەگوێرەی ڕەگەزی بەرتوێژان :**

| گرنگپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە بنەماکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی . | ڕەگەز | دووبارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی |
|---|---|---|---|---|
| بنەما مەعریفیەکان | نێر | 182 | 2.4484 | 0.33213 |
| | مێ | 121 | 2.4342 | 0.40094 |
| بنەما کۆمەڵایەتیەکان | نێر | 182 | 2.3880 | 0.35708 |
| | مێ | 121 | 2.3404 | 0.38273 |
| بنەما دامەزراوەییەکان | نێر | 182 | 2.3966 | 0.32903 |
| | مێ | 121 | 2.3956 | 0.30223 |

## شەش - پەیوەندی ئاماری لە نێوان ( ڕای بەرتوێژان بەگوێرەی ڕەگەز) سەبارەت بە گرنگپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی :

خشتەی خوارەوە تایبەتە بە پیشاندانی تاقیکردنەوەیەی (T) ، دەربارەی پەیوەندی ئاماری لە نێوان ( ڕای بەرتوێژان بەگوێرەی ڕەگەز) سەبارەت بەگرنگپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بەبونیادنانی بنەما (مەعریفی، کۆمەڵایەتی، دامەزراوەیی) ەکانی کلتوری ژینگە سیی، دەردەکەوێت کە هیچ جیاوازیەک نیە لەنێوان ( ڕا) کانی ڕەگەزی (نێرو مێ) دا سەبارەت گرنگپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە بونیادنانی بنەما (مەعریفی، کۆمەڵایەتی، دامەزراوەیی) ەکانی کلتوری ژینگەیی، ئەویش بەپێی بەراوردکردنی ئاستی کاریگەری (0.05) بە نرخی ئەگەری، لەو ڕوانگەوە لەبەرئەوەی نرخی ئەگەری (0.978, 0.270, 0.738) ، یەک لەدوای یەک گەورەترە لە ئاستی کاریگەری (0.05) ، ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە ڕەگەز کاریگەری نیە لەسەر ڕای بەرتوێژان سەبارەت گرنگپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە بونیادنانی بنەما (مەعریفی، کۆمەڵایەتی، دامەزراوەیی) یەکانی کلتوری ژینگەیی و واتا بەگوێرەی ڕەگەز، هەردوو ڕەگەزی (نێرو مێ) هەمان کاریگەریان هەیە، هەروەک لە خشتەی (٨) دا ڕوونکراوەتەوە:

**خشتەی (٨) :**

**تایبەت بە پیشاندانی تاقیکردنەوەی ( T)، دەربارەی پەیوەندی ئاماری لە نێوان ( ڕای بەرتوێژان بەگوێرەی ڕەگەز) سەبارەت بە گرنگپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە بونیادنانی بنەما (مەعریفی، کۆمەڵایەتی، دامەزراوەیی) ەکانی کلتوری ژینگەیی .**

| گرنگپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە بنەماکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی | تاقیکردنەوەی T | نرخی سەربەخۆیی | نرخی ئەگەری | ئاستی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|
| بە بنەما مەعریفیەکان | 0.335 | 301 | 0.738 | 0.05 |
| بەبنەما کۆمەڵایەتیەکان | 1.105 | 301 | 0.270 | 0.05 |
| بەبنەما دامەزراوەییەکان | 0.028 | 301 | 0.978 | 0.05 |

**حەوت : خستنەڕوی تاقیکردنەوەی خشتەی شیکاری پەرتبوون ( جدول تحليل التباين - ANOVA) سەبارەت بە پەیوەندی ئاماری لە نێوان ( ڕای بەرتوێژان بەگوێرەی نازناوی زانستی) دەربارەی گرنگپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە بونیادنانی بنەماکانی کلتوری ژینگەیی:**

خشتەی (٩) تایبەتە بە خستنەڕوی تاقیکردنەوەی خشتەی شیکاری پەرتبوون (جدول تحليل التباين - ANOVA) دەربارەی پەیوەندی ئاماری لە نێوان ( ڕای بەرتوێژان بەگوێرەی نازناوی زانستی) سەبارەت بە گرنگپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە بونیادنانی بنەما (مەعریفی، کۆمەڵایەتی، دامەزراوەیی) یەکانی کلتوری ژینگەیی، دەردەکەوێت کە هیچ جیاوازیەک نیە لە نێوان (ڕا) ی مامۆستایانی زانکۆ بەگوێرەی نازناوی زانستی:(مامۆستای یاریدەدەر ،مامۆستا،پرۆفیسۆری یاریدەدەر ،پرۆفیسۆر ) سەبارەت گرنگپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە بونیادنانی بنەما (مەعریفی، کۆمەڵایەتی، دامەزراوەیی) یەکانی کلتوری ژینگەیی، ئەویش بەپێی بەراوردکردنی ئاستی کاریگەری (0.05) بە نرخی ئەگەری، لەو ڕوانگەوە لەبەرئەوەی نرخی ئەگەری (0.121,0.341,0.242) یەک لەدوای یەک گەورەترە لە ئاستی کاریگەری (0.05)، بەمانای ئەوەدێت کە جیاوازی نازناوی زانستی کاریگەری نیە لە سەر ڕای بەرتوێژان سەبارەت گرنگپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بەبونیادنانی بنەما(مەعریفی، کۆمەڵایەتی، دامەزراوەیی) ەکانی کلتوری ژینگەیی و واتا (سەرجەم نازناوە زانستیەکان بە هاوتەریبی هەمان کاریگەریان هەیە).

خستنەڕوی تاقیکردنەوەی خشتەی شیکاری پەرتبوون (جدول تحليل التباين - ANOVA) سەبارەت بە پەیوەندی ئاماری لە نێوان ( ڕای بەرتوێژان بەگوێرەی بەشەزانستیە پسپۆڕیەکان) دەربارەی گرنگپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە بونیادنانی بنەما (مەعریفی، کۆمەڵایەتی، دامەزراوەیی) ەکانی کلتوری ژینگەیی، هەروەک لە خشتەی (٩) دا ڕوونکراوەتەوە:

**خشتەی (٩)**

**خستنەڕوی تاقیکردنەوەی خشتەی شیکاری پەرتبوون ( جدول تحليل التباين - ANOVA) سەبارەت بە پەیوەندی ئاماری لە نێوان ( ڕای بەرتوێژان بەگوێرەی نازناوی زانستی) دەربارەی گرنگپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە بونیادنانی بنەما (مەعریفی، کۆمەڵایەتی، دامەزراوەیی) ەکانی کلتوری ژینگەیی .**

| بنەماکانی کلتوری ژینگەیی | سەرچاوەکانی پەرتبوون | کۆی دووجا | نمرەی سەربەخۆیی | دووجای ناوندی ژمێرەیی | F تاقیکردنەوەی | نرخی ئەگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بنەما مەعریفیەکان | لەنێوان گروپەکاندا | 0.545 | 3 | 0.182 | 1.404 | 0.242 |
| | لەناوگروپەکاندا | 38.725 | 299 | 0.130 | | |
| | گشتی | 39.270 | 302 | | | |
| بنەماکۆمەڵایەتیەکان | لە نێوان گروپەکاندا | 0.454 | 3 | 0.151 | 1.121 | 0.341 |
| | لەناوگروپەکاندا | 40.367 | 299 | 0.135 | | |
| | گشتی | 40.821 | 302 | | | |
| بنەما دامەزراوەیەکان | لە نێوان گروپەکاندا | 0.588 | 3 | 0.196 | 1.955 | 0.121 |
| | لەناوگروپەکاندا | 29.969 | 299 | 0.100 | | |
| | گشتی | 30.557 | 302 | | | |

**هەشت: تاقیکردنەوەی خشتەی شیکاری پەرتبوون سەبارەت بە پەیوەندی ئاماری لە نێوان ( ڕای بەرتوێژان بەگوێرەی بەشە زانستیە پسپۆڕیەکان) دەربارەی گرنگپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی .**

خشتەی ( ١٠ ) تایبەتە بە خستنەڕوی تاقیکردنەوەی خشتەی شیکاری پەرتبوون (جدول تحليل التباين -ANOVA) دەربارەی پەیوەندی ئاماری لە نێوان ڕای بەرتوێژان بەگوێرەی(بەشە زانستیە پسپۆڕیەکان) سەبارەت بە گرنگپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بەبونیادنانی بنەما (مەعریفی،کۆمەڵایەتی، دامەزراوەیی)ەکانی کلتوری ژینگەیی، دەردەکەوێت کە هیچ جیاوازیەک نیە لەنێوان (ڕا) ی مامۆستایانی زانکۆ بە گوێرەی بەشە زانستیە پسپۆڕیەکانی (ڕاگەیاندن،ژینگە، کۆمەڵناسی، کاری کۆمەڵایەتی، گەشتوگوزار،جوگرافیا) دا سەبارەت گرنگی پێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە بونیادنانی بنەما (مەعریفی، کۆمەڵایەتی،دامەزراوەیی) ەکانی کلتوری ژینگەیی، ئەویش بەپێی بەراوردکردنی ئاستی کاریگەری (0.05) بە نرخی ئەگەری، لەو ڕوانگەوە لەبەر ئەوەی نرخی ئەگەری (0.957, 0.945, 0.796) یەک لەدوای یەک گەورەترە لەئاستی کاریگەری (0.05)، ئەوا بەمانای ئەوە دێت کەجیاوازی بەشە زانستیە پسپۆڕیەکان کاریگەری نیە لەسەر ڕای بەرتوێژان سەبارەت گرنگپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە بونیادنانی بنەما (مەعریفی، کۆمەڵایەتی، دامەزراوەیی) ەکانی کلتوری ژینگەیی و واتا (سەرجەم بەشە زانستیە پسپۆڕیەکان هەمان کاریگەریان هەیە)، هەروەک لە خشتەی (١٠) دا ڕوونکراوەتەوە :

**خشتەی (١٠)**

**خستنەڕوی تاقیکردنەوەی خشتەی شیکاری پەرتبوون (جدول تحليل التباين - ANOVA) سەبارەت بە پەیوەندی ئاماری لە نێوان ( ڕای بەرتوێژان بەگوێرەی بەشە زانستیە پسپۆڕیەکان) دەربارەی گرنگپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە بونیادنانی بنەما (مەعریفی، کۆمەڵایەتی، دامەزراوەیی ) ەکانی کلتوری ژینگەیی:**

| بنەماکانی کلتوری ژینگەیی | سەرچاوەکانی پەرتبوون | کۆی دووجا | نمرەی سەربەخۆیی | دووجای ناوندی ژمێرەیی | تاقیکردنەوەی F | نرخی ئەگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بنەما مەعریفیەکان | لەنێوان گروپەکاندا | 0.141 | 5 | 0.028 | 0.214 | 0.957 |
| | لەناوگروپەکاندا | 39.129 | 297 | 0.132 | | |
| | گشتی | 39.270 | 302 | | | |
| بنەما کۆمەڵایەتیەکان | لەنێوان گروپەکاندا | 0.164 | 5 | 0.033 | 0.239 | 0.945 |
| | لەناوگروپەکاندا | 40.658 | 297 | 0.137 | | |
| | گشتی | 40.821 | 302 | | | |
| بنەما دامەزراوەییەکان | لە نێوان گروپەکاندا | 0.242 | 5 | 0.048 | 0.474 | 0.796 |
| | لەناوگروپەکاندا | 30.315 | 297 | 0.102 | | |
| | گشتی | 30.557 | 302 | | | |

**نۆ:خستنەڕووی تاقیکردنەوەی (کای دووجا) لە نێوان گرنگپێدانی کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکان بە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی، لەگەڵ ڕەگەزی بەرتوێژان :**

خشتەی (١١) ی خوارەوە تایبەتە بە خستنەڕووی تاقیکردنەوەی (کای دووجا) لە نێوان (گرنگپێدانی کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکان بەبونیادنانی کلتوری ژینگەیی)، لەگەڵ (ڕەگەزی بەرتوێژان)، لەو ڕوانگەوە دەردەکەوێت کەهیچ جیاوازیەک نیەلە نێوان تێڕوانینی مامۆستایانی زانکۆ بە گوێرەی ڕەگەز:(نێر، مێ) دا سەبارەت گرنگپێدانی

تەلەڤیزیۆنی ئینتەرنێتی ( Gav Tv ) بە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی، ئەویش بەپێی بەراوردکردنی ئاستی کاریگەری (0.05) بە نرخی ئەگەری، لەو ڕوانگەوە لەبەرئەوەی نرخی ئەگەری (0.124) گەورەترە لە ئاستی کاریگەری (0.05)، ئەوا
بەمانای ئەوە دێت کەجیاوازی ڕەگەزی کاریگەری نیە لەسەر وەڵامی بەرتوێژان سەبارەت بەگرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی ئینتەرنێتی ( Gav Tv ) بە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی، واتا (بەگوێرەی ڕەگەز ) هەردووڕەگەزی (نێر) و(مێ) هەمان کاریگەریان هەیە.

هەروەها سەبارەت بە هەرسێ کەناڵی (Rudaw webtv، Kurdsat web Tv ، Halabja web tv ) یش بە هەمان شێوە بەسەرنجدان لە داتاکانی خشتەی سەرەوە، بۆ توێژەر دەردەکەویت کە : هیچ جیاوازیەک نیە لەنێوان وەڵامی مامۆستایانی زانکۆ بە گوێرەی ڕەگەز: (نێر، مێ) سەبارەت گرنگیپێدانی هەرسێ کەناڵی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی ئاماژەپێکراوی سەرەوە بە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی، ئەویش بەپێی بەراوردکردنی ئاستی کاریگەری (0.05) بە نرخی ئەگەری ، لەو ڕوانگەوە لەبەرئەوەی نرخی ئەگەری (0.639،0.488،0.832) یەک لەدوای یەک بۆهەر یەک لە کەناڵەکان بەجیا، گەورەترە لە ئاستی کاریگەری (0.05) ، ئەوا بەمانای ئەوە دێت کەجیاوازی ڕەگەزی (نیرومێ) کاریگەری نیە لەسەروەڵامی بەرتوێژان سەبارەت بە گرنگیپێدانی کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکانی : (Rudaw webtv، Kurdsat web Tv ، web Halabja tv ) بە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی، واتا (بە گوێرەی ڕەگەز) هەردوو ڕەگەزی (نێر) و(مێ) هەمان کاریگەریان هەیە.

بەدیدی توێژەر ئەم نزیکی و نەبونی جیاوازی ئاماریە لە وەڵامی بەرتوێژاندا سەبارەت بە گرنگیپێدانی کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکان بە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی بە گوێرەی ڕەگەز (نێر،مێ) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەردوو ڕەگەزی سامپڵی توێژینەوە لە ڕووی زانستیەوە هەمان ئاستی زانستیان هەیەو بەهۆی ئاستەبەرزە زانستیەکەیانەوە لە بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا و تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵیدا شارەزان، هاوکات لە ڕووی پیشەییەوە سامپڵی توێژینەوەکە لە هەردوو ڕەگەز هاوپیشەن و مامۆستان لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستاندا، لە لایەکی تریشەوە بابەتی ژینگەو کلتوری ژینگەیی bابەتێکی رەگەزی نیەو تایبەت نیە بە ڕەگەزێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو بابەتێکی کۆمەڵگاییە و ڕەهەندێکی گشتی هەیە وکاریگەری لەسەر هەردوو ڕەگەز هەیە، هاوکات هۆکارێکی تری نزیکی وەڵامی هەردوو رەگەزی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەهۆی پێگە زانستی و ڕۆشنبیریەکەی هەردووڕەگەزی بەرتوێژانەوە ئاستی هۆشیاری ژینگەییان بەرزەو بەوردی وەڵامی پرسیارەکانی فۆڕمی ڕاپرسی تویژینەوەکەیان داوەتەوە، هەروەک لە خشتەی (١١) دا ڕوونکراوەتەوە :

**خشتەی (١١)**

**خستنەڕووی تاقیکردنەوەی (کای دووجا) لە نێوان گرنگیپێدانی کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکان بە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی، لەگەڵ ڕەگەزی بەرتوێژان :**

| کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکان | بژاردەکان | ڕەگەز: نێر – دووبارە | ڕەگەز: نێر – ڕێژە | ڕەگەز: مێ – دووبارە | ڕەگەز: مێ – ڕێژە | کۆی گشتی – دووبارە | کۆی گشتی – ڕێژە | تاقیکردنەوەی کای دووجا | نرخی ئەگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Gav Tv | هەرگیز | 3 | 1.6% | 8 | 6.6% | 11 | 3.6% | 7.232 | 0.124 |
| | بەدەگمەن | 121 | 66.5% | 78 | 64.5% | 199 | 65.7% | | |
| | هەندێکجار | 31 | 17.0% | 24 | 19.8% | 55 | 18.2% | | |
| | زۆرجار | 24 | 13.2% | 10 | 8.3% | 34 | 11.2% | | |
| | هەمیشە | 3 | 1.6% | 1 | .8% | 4 | 1.3% | | |
| کۆی گشتی | | 182 | 100.0% | 121 | 100.0% | 303 | 100.0% | | |
| Kurdsat web Tv | هەرگیز | 1 | .5% | 1 | .8% | 2 | .7% | 2.531 | 0.639 |
| | بەدەگمەن | 17 | 9.3% | 9 | 7.4% | 26 | 8.6% | | |
| | هەندێکجار | 108 | 59.3% | 76 | 62.8% | 184 | 60.7% | | |
| | زۆرجار | 53 | 29.1% | 35 | 28.9% | 88 | 29.0% | | |
| | هەمیشە | 3 | 1.6% | 0 | .0% | 3 | 1.0% | | |
| کۆی گشتی | | 182 | 100.0% | 121 | 100.0% | 303 | 100.0% | | |
| Rudaw web Tv | هەرگیز | 0 | .0% | 1 | .8% | 1 | .3% | 3.434 | 0.488 |
| | بەدەگمەن | 7 | 3.8% | 3 | 2.5% | 10 | 3.3% | | |
| | هەندێکجار | 106 | 58.2% | 70 | 57.9% | 176 | 58.1% | | |
| | زۆرجار | 64 | 35.2% | 46 | 38.0% | 110 | 36.3% | | |
| | هەمیشە | 5 | 2.7% | 1 | .8% | 6 | 2.0% | | |
| کۆی گشتی | | 182 | 100.0% | 121 | 100.0% | 303 | 100.0% | | |
| Halabja web Tv | هەرگیز | 8 | 4.4% | 8 | 6.6% | 16 | 5.3% | 1.469 | 0.832 |
| | بەدەگمەن | 148 | 81.3% | 98 | 81.0% | 246 | 81.2% | | |
| | هەندێکجار | 16 | 8.8% | 10 | 8.3% | 26 | 8.6% | | |
| | زۆرجار | 9 | 4.9% | 5 | 4.1% | 14 | 4.6% | | |
| | هەمیشە | 1 | .5% | 0 | .0% | 1 | .3% | | |
| کۆی گشتی | | 182 | 100.0% | 121 | 100.0% | 303 | 100.0% | | |

**دە: خستنەڕووی تاقیکردنەوەی (کای دووجا) لە نێوان گرنگیپێدانی کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکان بە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی، لەگەڵ نازناوی زانستی بەرتوێژان:**

خشتەی (١٢) تایبەتە بەخستنەڕووی تاقیکردنەوەی (کای دووجا) لە نێوان (گرنگیپێدانی کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکان بەبونیادنانی کلتوری ژینگەیی)، لە (نازناوی زانستی بەرتوێژان) :

لەو ڕوانگەوە دەردەکەوێت کە هیچ جیاوازیەک نیە لە نێوان (وەڵامی) ی مامۆستایانی زانکۆ بە گوێرەی (نازناوی زانستی ) دا سەبارەت گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی ئینتەرنێتی ( GavTv ) بەبونیادنانی کلتوری ژینگەیی)، ئەویش بەپێی بەراوردکردنی ئاستی کاریگەری (0.05) بە نرخی ئەگەری، لەو ڕوانگەوە لەبەرئەوەی نرخی ئەگەری (0.361) گەورەترە لە ئاستی کاریگەری (0.05)، ئەوا بەمانای ئەوە دێت کە جیاوازی (نازناوی زانستی) کاریگەری نیە لەسەر وەڵامی بەرتوێژان سەبارەت گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی ئینتەرنێتی ( Gav Tv) بە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی،واتا بەگوێرەی (نازناوی زانستی) هەرچوارنازناوی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر ،مامۆستا، پڕۆفیسۆری یاریدەدەر، پڕۆفیسۆر) هەمان کاریگەریان هەیە.

هەروەها سەبارەت بە هەرسێ کەناڵی (Kurdsat web Tv ، Rudaw web Tv، Halabja webTv ) یش بە هەمان شێوە بەسەرنجدان لە داتاکانی خشتەی سەرەوە ، بۆ توێژەر دەردەکەویت کە :هیچ جیاوازیەک نیە لەنێوان وەڵامی مامۆستایانی زانکۆ بە گوێرەی نازناوی زانستی : (مامۆستای یاریدەدەر، مامۆستا، پڕۆفیسۆری یاریدەدەر، پڕۆفیسۆر) سەبارەت گرنگیپێدانی هەر سێ کەناڵی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی ئاماژەپێکراوی سەرەوە بە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی، ئەویش بەپێی بەراوردکردنی

ئاستی کاریگەری (0.05) بە نرخی ئەگەری ، لەو ڕوانگەوە لەبەرئەوەی نرخی ئەگەری (0.129،0.68،0.262) یەک لەدوای یەک بۆهەریەک لە کەناڵەکان بە جیا، گەورەترە لە ئاستی کاریگەری (0.05) ، ئەوا بەمانای ئەوە دێت کەجیاوازی نازناوی زانستی:(مامۆستای یاریدەدەر،مامۆستا، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، پرۆفیسۆر) کاریگەری نیە لەسەر وەڵامی بەرتوێژان سەبارەت بە گرنگیپێدانی کەناڵە تەلەڤزیۆنیە دیجیتاڵیەکانی: (Halabja webTv ،Rudaw web Tv ، Kurdsat web Tv) لە بونیادنانی کلتوری ژینگەییدا ، واتا (بەگوێرەی نازناوی زانستی) هەرچوارنازناوی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر،مامۆستا، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، پرۆفیسۆر) کاریگەری وەک یەک (چونیەک) یان هەیە.

پێویستە بوترێت کەپرسی ژینگەوبەکلتورکردنی مامەڵەکردن لەگەڵیدا بۆکۆمەڵگا بەگشتی وبۆمامۆستایانی زانکۆ بەتایبەتی بابەتێکی گرنگ وهەستیارە، بەبێ خوێندنەوەی نازناوە زانستیە جیاوازەکانیان، کارەساتێکی ژینگەیی یان هەڕەشەیەکی ژینگەیی یاخود وەڵامدانەوەی پرسیارلەسەرگرنگی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی لە بونیادنانی کلتوری ژینگەییدا بۆهەریەکە لە (مامۆستای یاریدەدەر،مامۆستا، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، پرۆفیسۆر) وەک یەکەوجێگەی بایەخی هەموویانە، دواجاربەرتوێژان بەجیاوازی نازناوە زانستیەکانیانەوە لەڕووی پیشەییەوە، هاوپیشەن و(مامۆستای زانکۆ)ن،هەروەها لە ئاستی زانستیشدا نزیکن لەیەکتری وهاوکات خاوەنی ڕۆشنبیر یەکی بەرزی ژینگەیین وشارەزاو بەکارهێنەری تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵین،هەموو ئەم هۆکارانە کاریگەرن لەسەر نزیکی وهاوتەریبی وەڵامەکانیان لەگەڵ یەکتری ونەبوونی جیاوازی ئاماری لەنێوانیاندا بەگوێرەی نازناوی زانستی سەبارەت بە (گرنگیپێدانی کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکان لە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی) دا، هەروەک لە خشتەی (١٢) دا خراوەتەڕوو:

**خشتەی (١٢)**

**خستنەڕووی تاقیکردنەوەی (کای دووجا) لە نێوان گرنگیپێدانی کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکان بە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی، لەگەڵ نازناوی زانستی بەرتوێژان:**

| کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکان | بژاردەکان | نازناوی زانستی | | | | | | | | تاقیکردنەوەکان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | مامۆستای یاریدەدەر | | مامۆستا | | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | | پرۆفیسۆر | | تاقیکر دنەوەی کاي دووجا | نرخی ئەگەری |
| | | دووبارە | ڕێژە | دووبارە | ڕێژە | دووبارە | ڕێژە | دووبارە | ڕێژە | | |
| Gav Tv | هەرگیز | 7 | ٪4.8 | 3 | ٪4.3 | 1 | ٪1.3 | 0 | ٪.0 | 13.115 | 0.361 |
| | بەدەگمەن | 98 | 67.1٪ | 48 | 68.6٪ | 48 | 61.5٪ | 5 | 55.6٪ | | |
| | هەندێکجار | 23 | 15.8٪ | 14 | 20.0٪ | 14 | 17.9٪ | 4 | 44.4٪ | | |
| | زۆرجار | 17 | 11.6٪ | 4 | 5.7٪ | 13 | 16.7٪ | 0 | .0٪ | | |
| | هەمیشە | 1 | .7٪ | 1 | 1.4٪ | 2 | 2.6٪ | 0 | .0٪ | | |

| Kurdsat web Tv | | | | | کۆی گشتی | Rudaw web Tv | | | | | کۆی گشتی | Halabja web Tv | | | | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەرگیز | بەدەگمەن | هەندێکجار | زۆرجار | هەمیشە | | هەرگیز | بەدەگمەن | هەندێکجار | زۆرجار | هەمیشە | | هەرگیز | بەدەگمەن | هەندێکجار | زۆرجار | هەمیشە | |
| 0 | 8 | 90 | 45 | 3 | 146 | 0 | 4 | 85 | 54 | 3 | 146 | 8 | 121 | 9 | 7 | 1 | 146 |
| .0٪ | 5.5٪ | 61.6٪ | 30.8٪ | 2.1٪ | 100.0٪ | .0٪ | 2.7٪ | 58.2٪ | 37.0٪ | 2.1٪ | 100.0٪ | 5.5٪ | 82.9٪ | 6.2٪ | 4.8٪ | .7٪ | 100.0٪ |
| 1 | 10 | 44 | 15 | 0 | 70 | 1 | 3 | 39 | 27 | 0 | 70 | 4 | 56 | 7 | 3 | 0 | 70 |
| 1.4٪ | 14.3٪ | 62.9٪ | 21.4٪ | .0٪ | 100.0٪ | 1.4٪ | 4.3٪ | 55.7٪ | 38.6٪ | .0٪ | 100.0٪ | 5.7٪ | 80.0٪ | 10.0٪ | 4.3٪ | .0٪ | 100.0٪ |
| 1 | 7 | 47 | 23 | 0 | 78 | 0 | 2 | 46 | 27 | 3 | 78 | 4 | 64 | 6 | 4 | 0 | 78 |
| 1.3٪ | 9.0٪ | 60.3٪ | 29.5٪ | .0٪ | 100.0٪ | .0٪ | 2.6٪ | 59.0٪ | 34.6٪ | 3.8٪ | 100.0٪ | 5.1٪ | 82.1٪ | 7.7٪ | 5.1٪ | .0٪ | 100.0٪ |
| 0 | 1 | 3 | 5 | 0 | 9 | 0 | 1 | 6 | 2 | 0 | 9 | 0 | 5 | 4 | 0 | 0 | 9 |
| .0٪ | 11.1٪ | 33.3٪ | 55.6٪ | .0٪ | 100.0٪ | .0٪ | 11.1٪ | 66.7٪ | 22.2٪ | .0٪ | 100.0٪ | .0٪ | 55.6٪ | 44.4٪ | .0٪ | .0٪ | 100.0٪ |
| 14.633 | | | | | | 9.269 | | | | | | 17.595 | | | | | |
| 0.262 | | | | | | 0.68 | | | | | | 0.129 | | | | | |

**یانزە: خستنەڕووی تاقیکردنەوەی (کای دووجا) لە نێوان گرنگپێدانی کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکان بەبونیادنانی کلتوری ژینگەیی، لەگەڵ بەشە پسپۆڕیە جیاوازەکانی بەرتوێژان :**

خشتەی (١٣) تایبەتە بەخستنەڕووی تاقیکردنەوەی (کای دووجا) لە نێوان (گرنگپێدانی کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکان بەبونیادنانی کلتوری ژینگەیی)، لەگەڵ (بەشە پسپۆڕیە جیاوازەکانی بەرتوێژان)

لەو ڕوانگەوە دەردەکەوێت کە هیچ جیاوازیەک نیە لە نێوان (وەڵامی) ی مامۆستایانی زانکۆ بە گوێرەی (بەشە پسپۆڕیە جیاوازەکان) سەبارەت بە گرنگپێدانی تەلەڤیزیۆنی ئینتەرنێتی ( GavTv ) بە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی، ئەویش بەپێی بەراوردکردنی ئاستی کاریگەری (0.05) بەنرخی ئەگەری، لەوڕوانگەوە لەبەرئەوەی نرخی ئەگەری (0.146) ، گەورەترە لە ئاستی کاریگەری (0.05)، ئەوا بەمانای ئەوە دێت کە جیاوازی (بەشە پسپۆڕیەکان)، کاریگەری نیە لەسەر وەڵامی بەرتوێژان سەبارەت بە گرنگپێدانی تەلەڤیزیۆنی ئینتەرنێتی ( GavTv ) بە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی، واتا بەگوێرەی (بەشە پسپۆڕیە جیاوازەکان)، هەرشەش بەشی پسپۆڕی: (جوگرافیا، ژینگە، گەشت وگوزار، کۆمەڵناسی،ڕاگەیاندن، کاری کۆمەڵایەتی) هەمان کاریگەریان هەیە.

هەروەها سەبارەت بە هەرسێ کەناڵی ( Kurdsat web Tv، Rudaw web Tv، Halabja webTv ) یش بە هەمان شێوە بەسەرنجدان لە داتاکانی خشتەی سەرەوە ، بۆ توێژەر دەردەکەویت کە:

هیچ جیاوازیەک نیە لەنێوان وەڵامی مامۆستایانی زانکۆ بە گوێرەی بەشە پسپۆڕیە جیاوازەکان: (جوگرافیا، ژینگە، گەشت وگوزار، کۆمەڵناسی، ڕاگەیاندن، کاری کۆمەڵایەتی) سەبارەت بە گرنگپێدانی هەر سێ کەناڵی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی ئاماژە پێکراوی سەرەوە بە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی، ئەویش بەپێی بەراوردکردنی ئاستی کاریگەری (0.05) بە نرخی ئەگەری ، لەو ڕوانگەوە لەبەرئەوەی نرخی ئەگەری (0.125،0.733،0.362)، یەک لەدوای یەک بۆهەریەک لە کەناڵەکان بە جیا، گەورەترە لە ئاستی کاریگەری (0.05) ، ئەوا بەمانای ئەوە دێت کەجیاوازی (بەشە زانستیە پسپۆڕیەکان)، کاریگەری نیە لەسەر وەڵامی بەرتوێژان سەبارەت بە گرنگپێدانی کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکانی (Kurdsat web Tv ، Rudaw web Tv، Halabja webTv ) لە بونیادنانی کلتوری ژینگەییدا ، واتا بەگوێرەی (بەشە پسپۆڕیە جیاوازەکان)، هەرشەش بەشی پسپۆڕی : (جوگرافیا، ژینگە، گەشت وگوزار، کۆمەڵناسی، ڕاگەیاندن، کاری کۆمەڵایەتی)کاریگەری وەک یەک (چونیەک) یان هەیە.

بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ئەو ئەنجامە، توێژەرای وایە کە نەبوونی جیاوازی ئاماری لەنێوان تێڕوانینی بەرتوێژان سەبارەت بە گرنگپێدانی کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکان لە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی بەگوێرەی (بەشە پسپۆڕیە جیاوازەکان) ی بەرتوێژان وهاوتەریبی و نزیکی وەڵامەکانیان لە گەڵ یەکتریدا بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە، لەوانە :

مامۆستایانی زانکۆ بەجیاوازی بەشە پسپۆڕیەکانی (ڕاگەیاندن، ژینگە، کۆمەڵناسی، کاری کۆمەڵایەتی، گەشتوگوزار،جوگرافیا) وەک دەستەبژێری کۆمەڵگا، خاوەنی هۆشیاری وڕۆشنبیریەکی فروانی ژینگەیین و پەیوەندیدارن بەناونیشانی توێژینەوەکەوەو بە ووردبینیەوە وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە، هاوکات لەڕوانگەوە کەئاستی توانستیان لەبەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای میدیاییدا بەرزە، چەندێتی بینەربوونیان بۆ تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی لە توێژێکی تر زیاترە، هاوکات پرسی ژینگەش لەسروشتی خۆیدا پرسێکی گشتیە وپەیوەندیدارە بە هەموانەوە نەک گروپێکی تایبەت، لەو دیدەوە جیاوازی بەشە پسپۆڕیەکانی بەرتوێژان کاریگەری نەبووە لەسەردروستکردنی جیاوازی ئاماری لە وەڵامە کانیاندا،هەروەک لە خشتەی (١٣) دا پیشاندراوە:

**خشتەی ( ١٣ )**

**خستنەڕووی تاقیکردنەوەی (کای دووجا) لە نێوان گرنگپێدانی کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکان بە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی، لەگەڵ بەشە پسپۆڕیە جیاوازەکانی بەرتوێژان :**

| تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵیەکان | پێوەرەکان | بەشە پسپۆڕیە جیاوازەکان | | | | | | | | | | | | تاقیکردنەوەکان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | پسپۆڕی جوگرافیا | | پسپۆڕی ژینگە | | پسپۆڕی گەشت و گوزار | | پسپۆڕی کۆمەڵناسی | | پسپۆڕی ڕاگەیاندن | | پسپۆڕی کاری کۆمەڵایەتی | | تاقیکردنەوەی کای دووجا | نرخی ئەگەری |
| | | دووبارە | ڕێژە | دووبارە | ڕێژە | دووبارە | ڕێژە | دووبارە | ڕێژە | دووبارە | ڕێژە | دووبارە | ڕێژە | | |
| Gav Tv | هەرگیز | 4 | ٪4.3 | 1 | ٪2.1 | 1 | ٪3.1 | 2 | ٪3.8 | 2 | ٪3.8 | 1 | ٪4.0 | 26.625 | 0.146 |
| | بەدەگمەن | 67 | ٪72.0 | 30 | ٪63.8 | 19 | ٪59.4 | 30 | ٪56.6 | 38 | ٪71.7 | 15 | ٪60.0 | | |
| | هەندێکجار | 12 | ٪12.9 | 12 | ٪25.5 | 8 | ٪25.0 | 15 | ٪28.3 | 3 | ٪5.7 | 5 | ٪20.0 | | |
| | زۆرجار | 9 | ٪9.7 | 3 | ٪6.4 | 2 | ٪6.3 | 6 | ٪11.3 | 10 | ٪18.9 | 4 | ٪16.0 | | |
| | هەمیشە | 1 | ٪1.1 | 1 | ٪2.1 | 2 | ٪6.3 | 0 | ٪0 | 0 | ٪0 | 0 | ٪0 | | |
| کۆی گشتی | 93 | ٪100.0 | 47 | ٪100.0 | 32 | ٪100.0 | 53 | ٪100.0 | 53 | ٪100.0 | 25 | ٪100.0 | | | |
| Kurdsat web Tv | هەرگیز | 0 | ٪0 | 1 | ٪2.1 | 0 | ٪0 | 1 | ٪1.9 | 0 | ٪0 | 0 | ٪0 | 27.374 | 0.125 |
| | بەدەگمەن | 4 | ٪4.3 | 5 | ٪10.6 | 5 | ٪15.6 | 5 | ٪9.4 | 6 | ٪11.3 | 1 | ٪4.0 | | |
| | هەندێکجار | 50 | ٪53.8 | 27 | ٪57.4 | 23 | ٪71.9 | 30 | ٪56.6 | 33 | ٪62.3 | 21 | ٪84.0 | | |
| | زۆرجار | 39 | ٪41.9 | 13 | ٪27.7 | 4 | ٪12.5 | 16 | ٪30.2 | 13 | ٪24.5 | 3 | ٪12.0 | | |
| | هەمیشە | 0 | ٪0 | 1 | ٪2.1 | 0 | ٪0 | 1 | ٪1.9 | 1 | ٪1.9 | 0 | ٪0 | | |
| کۆی گشتی | 93 | ٪100.0 | 47 | ٪100.0 | 32 | ٪100.0 | 53 | ٪100.0 | 53 | ٪100.0 | 25 | ٪100.0 | | | |

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 0.733 | | | | | | 0.362 | | | | | |
| 15.733 | | | | | | 21.619 | | | | | |
| ٪.0 | ٪.0 | ٪68.0 | ٪32.0 | ٪.0 | | ٪4.0 | ٪96.0 | ٪.0 | ٪.0 | ٪.0 | |
| 0 | 0 | 17 | 8 | 0 | ٪100.0 | 1 | 24 | 0 | 0 | 0 | ٪100.0 |
| ٪.0 | ٪3.8 | ٪50.9 | ٪45.3 | ٪.0 | 25 | ٪5.7 | ٪84.9 | ٪5.7 | ٪1.9 | ٪1.9 | 25 |
| 0 | 2 | 27 | 24 | 0 | ٪100.0 | 3 | 45 | 3 | 1 | 1 | ٪100.0 |
| ٪1.9 | ٪3.8 | ٪60.4 | ٪34.0 | ٪.0 | 53 | ٪5.7 | ٪81.1 | ٪9.4 | ٪3.8 | ٪.0 | 53 |
| 1 | 2 | 32 | 18 | 0 | ٪100.0 | 3 | 43 | 5 | 2 | 0 | ٪100.0 |
| ٪.0 | ٪6.3 | ٪50.0 | ٪40.6 | ٪3.1 | 53 | ٪3.1 | ٪75.0 | ٪18.8 | ٪3.1 | ٪.0 | 53 |
| 0 | 2 | 16 | 13 | 1 | ٪100.0 | 1 | 24 | 6 | 1 | 0 | ٪100.0 |
| ٪.0 | ٪2.1 | ٪57.4 | ٪38.3 | ٪2.1 | 32 | ٪6.4 | ٪85.1 | ٪6.4 | ٪2.1 | ٪.0 | 32 |
| 0 | 1 | 27 | 18 | 1 | ٪100.0 | 3 | 40 | 3 | 1 | 0 | ٪100.0 |
| ٪.0 | ٪3.2 | ٪61.3 | ٪31.2 | ٪4.3 | 47 | ٪5.4 | ٪75.3 | ٪9.7 | ٪9.7 | ٪.0 | 47 |
| 0 | 3 | 57 | 29 | 4 | ٪100.0 | 5 | 70 | 9 | 9 | 0 | ٪100.0 |
| هەرگیز | بەدەگمەن | هەندێکجار | زۆرجار | هەمیشە | 93 | هەرگیز | بەدەگمەن | هەندێکجار | زۆرجار | هەمیشە | 93 |
| Rudaw web Tv | | | | | کۆی گشتی | Halabja web Tv | | | | | کۆی گشتی |

**دوانزە: خستنەرووی گرنگپێدانی تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵیەکان بەبنەما مەعریفیەکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی :**

خشتەی (١٤) گرنگپێدانی کەناڵە تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵیەکان بەبنەما (مەعریفی) ەکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی پیشانداوە، لەمیانەی تیروانینی مامۆستایانی زانکۆی بەرتوێژی توێژینەوەکەدا دەردەکەوێت کە ئەم گرنگپێدانە بە ئاستی (بەدەگمەن) هاتووە، ئەمەش لەوڕوانگەوە بەدەستهاتووە کە (ناوەندی ژمێرەیی گشتی) یەکسانە بە (٢,٥٦) بۆ تێکڕای (بنەما مەعریفیەکانی کلتوری ژینگەیی) و ئەم ڕێژەیەش بە پێی شیکاری ( پێوەری دیکارت) ی سەرەوە، بە ئاستی (بەدەگمەن) ئەژماردەکرێت.

هاوکات بەشێوەیەکی تایبەت سەبارەت بە گرنگپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بۆهەریەک لەبنەما مەعریفیە کانی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی، دەردەکەوێت کەبنەمای (پەروەردەی ژینگەیی) (پلەی یەکەم) وئاستی (هەندێکجار) ی وەرگرتووە کە ناوەندی ژمێرەیەکەی دەکاتە (٢,٦٩م).

ئەمەش دەری ئەخات کە پەیامی ژینگەیی لەکەناڵە تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵیەکانی سامپڵی توێژینەوەدا زیاتر پەیامێکی پەروەردەیی بووە بە ئاڕاستەی پەروەردەکردنی قوتابیان و خوێندکاران وگەنجان لەسەر ژینگەدۆستی و هەروەها ئاماژەیەکیشە بۆ تێگەیشتن و پلانی کەناڵەکان لە پێویستی بایەخدان بە پەروەردەی ژینگەیی، پاشان (هۆشیاری ژینگەیی) لە (پلەی دووەم) دا لەئاستی (بەدەگمەن) دا ڕیزبەندبووە کە ناوەندی ژمێرە یەکەی (2.58)ە، بەهەمان شێوە، گرنگپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە بنەمای مەعریفی (ڕۆشنبیری ژینگەیی)، (پلەی سێیەم) وئ استی (بەدەگمەن) ی وەرگرتووە، ئەمەش بەگوێرەی ناوەندی ژمێرەیەکەی کە بریتیە لە ( 2.56). لە کۆتا پلەشدا کە ( پلەی چوارەم) ە، گرنگپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە بونیادنانی (گەشتیاری ژینگەیی) بە ناوەندی ژمێرەیی ( 2.42) و لە ئاستی (بەدەگمەن) داهاتووە، ئەم ئەنجامەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کەناڵە تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵیەکان لە گرنگپێدان بە (گەشتیاری ژینگەیی) دا لە ئاستێکی لاوازدان و بە گوێرەی بایەخی ئەم بوارە گرنگپێدانی میدیایی نەبووە، لە کاتێکدا کە کوردستان هەرێمێکی گەشتیاریەو دەکرێت لە میانەی ئەم بنەما یەوە گەشە بە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی بدرێت،هەروەک لە خشتەی (١٤) دا پیشاندراوە:

**خشتەی ( ١٤ ) :**

**خستنەرووی گرنگپێدانی کەناڵە تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵیەکان بەبنەما (مەعریفی ) و (کۆمەڵایەتی) یەکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی**

| گۆڕاو | دووبارە / ڕێژە | ئاستەکان: هەرگیز | بەدەگمەن | هەندێکجار | زۆرجار | هەمیشە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پەروەردەی ژینگەیی | دووبارە | 5 | 99 | 185 | 14 | 0 | 2.69 | 0.58 | ١ |
| | ڕێژە | ٪1.7 | ٪32.7 | ٪61.1 | ٪4.6 | ٪.0 | | | |
| ڕۆشنبیری ژینگەیی | دووبارە | 5 | 132 | 158 | 6 | 2 | 2.56 | 0.6 | ٣ |
| | ڕێژە | ٪1.7 | ٪43.6 | ٪52.1 | ٪2.0 | ٪.7 | | | |
| هۆشیاری ژینگەیی | دووبارە | 4 | 130 | 157 | 12 | 0 | 2.58 | 0.59 | ٢ |
| | ڕێژە | ٪1.3 | ٪42.9 | ٪51.8 | ٪4.0 | ٪.0 | | | |
| گەشتیاری ژینگەیی | دووبارە | 15 | 160 | 117 | 9 | 2 | 2.42 | 0.67 | ٤ |
| | ڕێژە | ٪5.0 | ٪52.8 | ٪38.6 | ٪3.0 | ٪.7 | | | |
| ناوەندی ژمێرەیی گشتی و لادانی پێوانەیی گشتی | | | | | | | 2.56 | 0.61 | |

**سیانزە: خستنەڕووی گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکان بەبنەما کۆمەڵایەتیەکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی :**

خشتەی (١٥) گرنگیپێدانی کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکان بەبنەما (کۆمەڵایەتی) یەکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی خستۆتەڕوو، لەو ڕوانگەوە سامپڵی توێژینەوە کە ڕایان وابووە کە گرنگیپێدان بە بنەما کۆمەڵایەتیەکانی کلتوری ژینگەیی بەگوێرەی (پێوەری لیکارت) ی (پێنج ئاست) ی بە ئاستی (بەدەگمەن) بووە، ئەمەش بەگوێرەی ناوەندی ژمێرەیی گشتی کە دەکاتە (2.33) بۆ تێکڕای (بنەما کۆمەڵایەتیەکانی کلتوری ژینگەیی).

هەروەها زانیاریەکانی خشتەی سەرەوە بەشێوەیەکی تایبەت گرنگیپێدانی کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکان بە هەریەک لە ( بنەما کۆمەڵایەتی) یەکانی کلتوری ژینگەیی ڕوونکردۆتەوە، لەوڕوانگەوە لەبارەی گرنگیپێدان بە (بەهای ژینگەیی) دەردەکەوێت کە لە (پلەی یەکەم ) دا بە (ئاستی بەدەگمەن) هاتووە، ئەمەش بەگوێرەی ناوەندی ژمێرەیی گرنگیپێدانەکە کە بریتیە لە ( 2.44).

ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بونیادنانی ( بەهای ژینگەیی) بە بنەمایەکی گرنگی کلتوری ژینگەیی ئەبینێت، بەتایبەت بۆ چەسپاندنی لە زەینی منداڵان و هەرزەکاراندا.

هاوکات گرنگیپێدان بە بنەمای (بەرپرسیارێتی ژینگەیی) ش وەک بنەمایەکی کۆمەڵایەتی کلتوری ژینگەیی، (پلەی دووەم) و ئاستی (بەدەگمەن) ی وەرگرتووە، ئەمەش بەگوێرەی ناوەندی ژمێرەیەکەی کە دەکاتە (٢,٤٠)، دوابەدوای ئەو گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە ( ئینتیمای ژینگەیی وهاوڵاتی ژینگەیی) پشتبەست بە ناوەندی ژمێرەیی ( ٢,٣٤) بە (ئاستی بەدەگمەن) هاتووە. لە (پلەی سێیەم) دایەو

لەبەرانبەردا گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بەبنەمای ( بەشداری وهەرەوەزی گەل بۆ خزمەتی ژینگەیی) بەگوێرەی ناوەندی ژمێرەیی ( ٢,٣٣) لە ( پلەی چوارەم ) داو لە ئاستی (بەدەگمەن) دا ڕیزبەندکراوە.

سەبارەت بە گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە (ڕەفتاری ژینگەیی)، بە پێی ڕای بەرتوێژان و بە گوێرەی ناوەندی ژمێرەیی (2.12) لە کۆتا پلە ( پلەی پێنجەم) دا لەئاستی (بەدەگمەن) دا خۆی دەبینێتەوە .

بە خوێندنەوەی ئەم دەرئەنجامە دەردەکەوێت کە کارکردنی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی لەسەر ڕەفتاری ژینگەیی و کەمکردنەوەی ڕەفتارە نەرێنیەکان و گەشەپێدانی ڕەفتارە ئەرێنیە ژینگەییەکان لە ئاستێکی لاوازی گرنگیپێدانی میدیایی دایە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە پەیامی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی پەیامێکی ئامۆژگاریە نەک هاندانی کرداری وگرنگی نەداوە بەڕومالکردنی ئەو چالاکیە ژینگەییانەی کە ڕەفتاری ئەرێنی ژینگەیی تیایدا دەردەکەوێت، هەروەک لە خشتەی (١٥) دا پیشاندراوە:

**خشتەی (١٥)**

**خستنەڕووی گرنگیپێدانی کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکان بەبنەما کۆمەڵایەتیەکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی :**

| گۆڕاو | دوو بارە / ڕێژە | ئاستەکان: هەرگیز | بەدەگمەن | هەندێکجار | زۆرجار | هەمیشە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەهای ژینگەیی | دووبارە | 21 | 139 | 132 | 11 | 0 | 2.44 | 0.68 | ١ |
| | ڕێژەی | ٪6.90 | ٪45.90 | ٪43.60 | ٪3.60 | ٪.00 | | | |
| بەرپرسیارێتی ژینگەیی | دووبارە | 22 | 149 | 122 | 8 | 2 | 2.4 | 0.69 | ٢ |
| | ڕێژە | ٪7.30 | ٪49.20 | ٪40.30 | ٪2.60 | ٪.70 | | | |
| ئینتیمای ژینگەیی و هاوڵاتی ژینگەیی | دووبارە | 36 | 141 | 114 | 11 | 1 | 2.34 | 0.75 | ٣ |
| | ڕێژە | ٪11.90 | ٪46.50 | ٪37.60 | ٪3.60 | ٪.30 | | | |
| بەشداری گەل بۆ خزمەتی ژینگەیی | دووبارە | 32 | 153 | 106 | 11 | 1 | 2.33 | 0.72 | ٤ |
| | ڕێژە | ٪10.60 | ٪50.50 | ٪35.00 | ٪3.60 | ٪.30 | | | |
| ڕەفتاری ژینگەیی | دووبارە | 43 | 189 | 63 | 7 | 1 | 2.12 | 0.68 | ٥ |
| | ڕێژە | ٪14.20 | ٪62.40 | ٪20.80 | ٪2.30 | ٪.30 | | | |
| ناوەندی ژمێرەیی گشتی و لادانی پێوانەیی گشتی | | | | | | | 2.33 | 0.7 | |

**چواردە: خستنەڕووی گرنگیپێدانی کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکان بەبنەما دامەزراوەیەکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی:**

خشتەی (١٦) گرنگیپێدانی کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکان بە بنەما (دامەزراوەیی) ەکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی ڕوونکردۆتەوە، ئەم گرنگیپێدانە بەشێوە یەکی گشتی بە ئاستی (بەدەگمەن) بووە، ئەم ئەنجامەش پشتبەست بە (ناوەندی ژمێرەیی گشتی) گرنگیپێدانەکە کە بریتیە لە (٢,٤٣) .

ئەوەی تایبەتە بەگرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بۆهەریەک لەبنەما مەعریفیەکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی بەشیوەیەکی تایبەت، بۆ توێژەر ڕوونبۆتەوە کەبنەمای (بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی تایبەتمەندی ژینگەیی) بە گویرەی ناوەندی ژمێرەیی (2.76)ی گرنگیپێدانی میدیایی، (پلەی یەکەم) و ئاستی (هەندێک جار)ی وەرگرتووە کە لە (پیوەری لیکارت) ی (پێنج ئاست)یەوە سەرچاوەی گرتووە .

ئەم ئەنجامەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کەناڵە تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵیەکانی سامپڵی توێژینەوە هەندێک جارگرنگییان بە بڵاوکردنەوەی (بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی تایبەتمەندی ژینگەیی) داوەو بە گویرەی بایەخی ئەم بوارە گرنگیپێدانێکی مام ناوەندیان هەبووە ، هاوکات ئەم بەرهەمە میدیاییانە لەمیانەی ژانرە جیاوازەکانی تەلەڤیزیۆنیەوە خراونەتەڕوو، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە بەشی بەرهەمینا نیان لە هەوڵی زیاترکردنی بەرهەمی ژینگەییدایە.

دوابەدوای ئەوەو لە (پلەی دووەم) دا، گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە پرۆژەو چالاکیەکانی (دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان) هاتووە کە گرنگیپیدانەکە بە ناوەندی ژمێرەیی ( 2.4٨) و لە ئاستی (بەدەگمەن) دا ئەژمارکراوە.

دواتر (بەشە پسپۆڕیەکانی ژینگە لە زانکۆو پەیمانگاکاندا) لە (پلەی سێیەم) داو لەئاستی (بەدەگمەن)دا هاتووە کە ناوەندی ژمێرەییەکەی بریتیە لە (2.٤٦) ، هەروەها سەبارەت بە گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە بنەمای مەعریفی ( ڕێکخراوە مەدەنیە ژینگەیەکان)، دەردەکەوێت کە لە(پلەی چوارەم) و ئاستی (بەدەگمەن) دا ڕیزبەندکراوە، ئەمەش بەگوێرەی ناوەندی ژمێرەیی گرنگیپێدانەکە کە بریتیە لە ( 2.٤٣) ، بەدەستهاتووە.

لە (پلەی پێنجەم) یشدا گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە بنەمای (تەندروستی ژینگەیی) بەگوێرەی ناوەندی ژمێرەیی ( ٢,٣٩) و لە ئاستی (بە دەگمەن) دا هاتووە، دوابە دوای ئەو لە (پلەی شەشەم ) دا گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجسیتاڵی بە (ئاسایشی ژینگەیی) بەگوێرەی ناوەندی ژمێرەیی ( ٢,٢٦) بە (ئاستی بەدەگمەن) دەرکەوتووە.

کۆتا پلەش کە ( پلەی حەوتەم) تەرخانە بۆ گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە (یاسای ژینگەیی)، بە پێی ڕای سامپڵی توێژینەوەکەو بە گوێرەی ناوەندی ژمێرەیی (٢.٢٣) لە ئاستی (بەدەگمەن) دا ریزبەندکراوە.

بە گوێرەی ڕای بەرتوێژان دەرئەکەوێت کە کەناڵە تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵیەکانی سامپڵی توێژینەوە سەبارەت بە گرنگیپێدان بەبنەمای (یاسای ژینگەیی ) ڕۆڵێکی لاوازیان هەبووەو نەیانتوانیوە هۆشیاری و زانیاری دەربارەی بڕگەومادەکانی یاساکانی ژینگە و لەمپەرەکانی بەردەم جێبەجێکردنیان لە هەرێمی کوردستاندا بخەنەڕوو، ئەمەش لاوازی پەیوەندی کەناڵە تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵیەکان لەگەڵ چالاکوانانی ڕێکخراوە ژینگەییەکان وپارێزەرانی یاسایی ژینگەییدا پیشان ئەدات، هاوکات دەرخەری ئەوەیە کە پلانی ژینگە بیان لەبواری یاساییدا پێویستی بە پیداچوونەوەی زیاتر هەیە ، هەروەک لە خشتەی (١٦) دا خراوەتەڕوو:

**خشتەی (١٦):**

**خستنەڕووی گرنگیپێدانی کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکان بەبنەما (دامەزراوەیی ) یەکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی :**

| گۆڕاو | دووبارە / ڕێژە | ئاستەکان: هەرگیز | بەدەگمەن | هەندێکجار | زۆرجار | هەمیشە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی تایبەتمەندی ژینگەیی. | دووبارە | 8 | 69 | 214 | 11 | 1 | 2.76 | 0.57 | 1 |
| | ڕێژە | ٪2.60 | ٪22.80 | ٪70.60 | ٪3.60 | ٪.30 | | | |
| بەشە پسپۆڕیەکانی ژینگە لە زانکۆو پەیمانگاکاندا | دووبارە | 7 | 164 | 120 | 11 | 1 | 2.46 | 0.62 | 3 |
| | ڕێژە | ٪2.30 | ٪54.10 | ٪39.60 | ٪3.60 | ٪.30 | | | |
| دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان | دووبارە | 15 | 135 | 146 | 6 | 1 | 2.48 | 0.64 | 2 |
| | ڕێژە | ٪5.00 | ٪44.60 | ٪48.20 | ٪2.00 | ٪.30 | | | |
| ڕێکخراوە مەدەنیە ژینگەیەکان | دووبارە | 21 | 146 | 124 | 10 | 2 | 2.43 | 0.7 | 4 |
| | ڕێژە | ٪6.90 | ٪48.20 | ٪40.90 | ٪3.30 | ٪.70 | | | |
| تەندروستی ژینگەیی | دووبار | 23 | 152 | 116 | 11 | 1 | 2.39 | 0.7 | 5 |
| | ڕێژە | ٪7.60 | ٪50.20 | ٪38.30 | ٪3.60 | ٪.30 | | | |
| ئاسایشی ژینگەیی | دووبارە | 41 | 152 | 102 | 6 | 2 | 2.26 | 0.74 | 6 |
| | ڕێژە | ٪13.5 0 | ٪50.20 | ٪33.70 | ٪2.00 | ٪.70 | | | |
| یاسای ژینگەیی | دووبارە | 26 | 189 | 82 | 3 | 3 | 2.23 | 0.66 | 7 |
| | ڕێژە | ٪8.60 | ٪62.40 | ٪27.10 | ٪1.00 | ٪1.00 | | | |
| ناوەندی ژمێرەیی گشتی و لادانی پێوانەیی گشتی | | | | | | | ٢،٤٣ | 0.66 | |

**پازدە: خستنەڕووی گرنگیپێدانی کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکان بەبونیادنانی کلتوری ژینگەیی :**

بە گوێرەی زانیاریەکانی خشتەی خوارەوە بۆ توێژەردەردەکەوێت کە گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی (Rudaw web Tv) بەبونیادنانی کلتوری ژینگەیی لە(پلەی یەکەم) دایە و لەئاستی (هەندێکجار) دا هاتووە، ئەویش لەو ڕوانگەوە کە ڕێژەی(ناوەندی ژمێرەیی) ەکەی دەکاتە (3.36) و بەراورد بەناوەندی ژمێرەیی کەناڵەکانی تر، زیاترە.

بە گوێرەی ئەم دەرئەنجامە کەناڵی ناوبراو گرنگی بە بەبونیادنانی کلتوری ژینگەیی داوەو بۆتە جێگای متمانەی بەرتوێژان، پلانی کەناڵەکە و فراوانی سنوری جوگرافیای پەخشە ئاسمانیەکەیی وهەڵبژاردنی شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست(سۆرانی) وەک زمانی سەرەکی پەخش کە زمانی ئاخاوتنی زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکەیە، هەموو ئەمانە هۆکاری ئەو گرنگیپێدانە ژینگەییەی کەناڵەکەیە.

پاشان بەخوێندنەوەی زانیاریەکانی خشتەی ئاماژەپێکراوی خوارەوە، بۆگرنگیپێدان بە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی، لە کەناڵە دیجیتاڵیەکانی سامپڵی توێژینەوەدا، تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی (Kurdsat web Tv) لە(پلەی دووەم) وئاستی (هەندێکجار) دا دەردەکەوێت،ئەم دەرئەنجامەش لە ڕوانگەی (ناوەندی ژمێرەیی) ەکەیەوە ڕوون دەبێتەوە کەدەکاتە (3.21) کە بەراورد بە ناوەندی ژمێرەیی هەردوو کەناڵی تەلەڤیزیۆنی (Halabja web Tv ،Gav Tv)، زیاترە.

بە پێی دەرئەنجامی سەرەوە ڕوون دەبێتەوە کە بەرتوێژان بینەری پەیامە ژینگەیەکانی کەناڵەکەن ومتمانەیان بەپەیامەکانی هەیەو بۆ وەرگرتنی زانیاری دەربارەی کلتوری ژینگەیی پشتی پێ ئەبەستن، بوونی پلان وفراوانی سنوری جوگرافیای پەخشی ئاسمانی کەناڵەکەوهەڵبژاردنی شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست ( سۆرانی) وهتد ... ، کە زمانی ئاخاوتنی زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکەیە، یارمەتیدەری گرنگیپێدانی کەناڵەکەیە بە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی.

هەر لەمیانەی گرنگیپێدان بەبونیادنانی کلتوری ژینگەییدا تەلەڤیزیۆنی ئینتەرنێتی (Gav Tv ) لە (پلەی سێیەم ) و ئاستی ( بە دەگمەن ) دا، دەردەکەوێت ئەمەش بەگوێرەی ڕێژەی (ناوەندی ژمێرەیی) یەکەی کە بریتیە لە (2.41).

لەم دەرئەنجامەوە ڕوون دەبێتەوە کە کەناڵی (Gav Tv ) لە ئاستێکی دەگمەن ولاوازدا گرنگی بەبونیادنانی کلتوری ژینگەیی داوە، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێک ئەگەڕێتەوە ، نەبوونی پلانی ژینگەیی پێویست و بوونی گرفتی زمانی پەخش، لەرئەوەی شێوەزاری (کرمانجی ژوور) (بادینی) زمانی فەرمی کەناڵەکەیەو لە کاتێکدا بەشی هەرەزۆری سامپڵی توێژینەوەکەو زمانی کرمانجی ناوەڕاست (سۆرانی) وەک زمانی فەرمی بەکاردە هێنن، ئەمەش وادەکات کە پەیامەکانی کەناڵی ناوبراو وەک پێویست نەگات بە بینەرانی لە سەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کەناڵەکە زیاتر بایەخێکی ناوچەیی هەیە بۆڕووداو وپرسەکانی پارێزگای دهۆک و دەوروبەری.

لە( پلەی چوارەم) یشدا تەلەڤیزیۆنی ( Halabja web Tv) هاتووە کە بە گوێرەی ناوەندی ژمێرەییە کەی لەئاستی (بەدەگمەن) دا گرنگی بە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی داوە، ئەمەش لەو ڕوانگەوە کە ناوەندی ژمێرەیەکەی یەکسانە بە (2.14) و لەپلەی کۆتاییدا هاتووە .

بەخوێندنەوەی ئەو دەرئەنجامە دەردەکەوێت کە لەبونیادنانی کلتوری ژینگەییدا کەناڵی ناوبراو ڕۆڵێکی لاوازو نەرێنی هەبووە، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کەتەلەڤیزیۆنی ناوبراو لەبنەڕەتدا کەناڵێکی ناوخۆیی و ناوچەییەو بایەخی زیاتربەپرس

وڕوداوە ژینگەیە کانی ناوچەی هەڵەبجەو هەورامان داوە، هاوکات نەبونی پلانی ژینگەیی پێویستیش هۆکارێکی تری ئەو دەرئەنجامە نەرێنییە،هەروەک لە خشتەی (١٧) دا پیشاندراوە:

**خشتەی ژمارە (١٧)**

**خستنەرووی گرنگیپێدانی کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکانی سامپڵی توێژینەوە بە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی :**

| کەناڵە دیجیتاڵیەکان | دووبارە / ڕێژە | هەرگیز | بەدەگمەن | هەندێکجار | زۆرجار | هەمیشە | کۆی گشتی | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Gav Tv | دووبارە | 11 | 199 | 55 | 34 | 4 | 303 | 2.41 | .787 | 3 |
| | ڕێژە | 3.6٪ | 65.7٪ | 18.2٪ | 11.2٪ | 1.3٪ | 100٪ | | | |
| Kurdsat web Tv | دووبارە | 2 | 26 | 184 | 88 | 3 | 303 | 3.21 | .632 | 2 |
| | ڕێژە | 0.7٪ | 8.6٪ | 60.7٪ | 29.0٪ | 1.0٪ | 100٪ | | | |
| Rudaw web Tv | دووبارە | 1 | 10 | 176 | 110 | 6 | 303 | 3.36 | .598 | 1 |
| | ڕێژە | 0.3٪ | 3.3٪ | 58.1٪ | 36.3٪ | 2.0٪ | 100٪ | | | |
| Halabja web Tv | دووبارە | 16 | 246 | 26 | 14 | 1 | 303 | 2.14 | .580 | 4 |

## ٤. وەڵامی گریمانەو دەرئەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیاری توێژینەوە:

### ٤-١. وەڵامی گریمانەکانی توێژینەوە :

أ. سەبارەت بە تیروانینی مامۆستایانی زانکۆ بە پێی ڕەگەز دەرکەوتووە کە هیچ جیاوازیەکی ئاماری نیە لە نێوان ڕای بەرتوێژان بەگوێرەی ڕەگەزی (نێرو مێ) سەبارەت گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە بونیاد نانی بنەما (مەعریفی، کۆمەڵایەتی، دامەزراوەیی) ەکانی کلتوری ژینگەیی، ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە ڕەگەزکاریگەری نیە لەسەرڕای بەرتوێژان لەوبارەوە وهەردوو ڕەگەزهەمان کاریگەریان هەیە.

ئەمەش پێچەوانەی گریمانەی یەکەمی توێژینەوەکەیە ، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بابەتی ژینگەو کلتوری ژینگەیی بابەتێکی گشتی و پەیوەندیدارە بەهەردوو ڕەگەزی (نێرومێ) و جێگەی بایەخی هەردوو ڕەگەزەکەیە، هاوکات سامپڵی توێژینەوە لە هەردوو ڕەگەزلە ڕووی پیشەییەوە، هاوپیشەن کە (مامۆستای زانکۆ) ن، هاوکات لە هەمان ئاستی زانستی و بڕوانامەدان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەردوو ڕەگەز بەهۆی ئاستە بەرزە زانستیەکەیانەوە زۆربە ئاسانی توانیویانە بەکارهێنەری تەکنۆلۆژیا بن و لەڕێگەیەوە بینەری بەردەوامی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بن، هاوکات هەموو ئەمانە وای کردووە لەسەر ژینگەو کلتوری ژینگەیی وئاستی بایەخپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی لە بونیادنانی کلتوری ژیگەییدا خاوەنی ڕۆشنبیریەکی بەرزبن ، لە بەر ئەم هۆکارانە وەڵامی سامپڵی توێژینەوەکە نزیکە لەیەکترو بەگوێرەی ڕەگەزی (نێرو مێ) جیاوازی ئاماری لە نێوانیاندا نیە.

ب. سەبارەت بە تیروانینی مامۆستایانی زانکۆ بە پێی نازناوی زانستی دەردەکەویت کە هیچ جیاوازیەکی ئاماری نیە لە نێوان ڕای بەرتوێژان بەگوێرەی نازناوی زانستی: (مامۆستای یاریدەدەر،مامۆستا، پرۆفیسیۆری یاریدەدەر، پرۆفیسۆر) سەبارەت گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە بونیادنانی بنەما (مەعریفی، کۆمەڵایەتی، دامەزراوەیی) ەکانی کلتوری ژینگەیی، ئەمەش بەمانای ئەوەدێت کەجیاوازی نازناوی زانستی مامۆستایانی زانکۆ کاریگەری نیە لەسەر(ڕا) کانیان لەوبارەوە و سەرجەم بەرتوێژان بە جیاوازی نازناوە زانستیەکانیانەوە هەمان کاریگەریان هەیە.

ئەمەش پێچەوانەی گریمانەی دووەمی توێژینەوەکەیە ، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەبابەتی ژینگەو کلتوری ژینگەیی بابەتێکی گشتی وپەیوەندیدارە بەسەرجەم کۆمەڵگا بەگشتی وتێکڕای مامۆستایانی زانکۆوە بەتایبەتی، بەبێ خۆیندنەوەی هەرچوارنازناوی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر،مامۆستا، پرۆفیسیۆری یاریدەدەر،پرۆفیسۆر) وجێگەی بایەخی هەموویانە، هاوکات سامپڵی توێژینەوە لەهەرچوارنازناوی زانستی ئاماژەپێکراو لەڕووی پیشەییەوە، هاوپیشەن کە (مامۆستای زانکۆ) ن، هاوکات لەڕووی ئاستی زانستی لەهەمان ئاستی بڕوانامە و زانستیدان.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی مامۆستایانی زانکۆ لەهەرچوارنازناوی زانستی ئاماژەپێکراودا بەهۆی ئاستە بەرزە زانستیەکەیانەوە زۆر بە ئاسانی توانیویانە بەکارهێنەری تەکنۆلۆژیا بن ولەڕێگەیەوە بینەری بەردەوامی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بن، هاوکات هەموو ئەمانە وای کردووە لەسەرژینگەو کلتوری ژینگەیی وئاستی بایەخپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی لەبونیادنانی کلتوری ژینگەییدا،خاوەنی ڕۆشنبیریەکی بەرزبن، لە بەرئەم هۆکارانە وەڵامی سامپڵی توێژینەوەکە نزیکە لەیەکتروبەگوێرەی نازناوی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر، مامۆستا، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، پرۆفیسۆر) جیاوازی ئاماری لە نێوانیاندا نیە.

ج. سەبارەت بە تێڕوانینی مامۆستایانی زانکۆ بە پێی بەشە زانستیە پسپۆڕیەکانیان، دەردەکەوێت کە هیچ جیاوازیەکی ئاماری نیە لە نێوان ڕای بەرتوێژان بەگوێرەی بەشە زانستیە پسپۆڕیەکانی: (ڕاگەیاندن، ژینگە،کۆمەڵناسی، کاری کۆمەڵایەتی، گەشتو گوزار، جوگرافیا) دا، سەبارەت گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە بونیادنانی بنەما (مەعریفی، کۆمەڵایەتی،دامەزراوەیی) ەکانی کلتوری ژینگەیی، ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە کەجیاوازی بەشە زانستیە پسپۆڕیەکانی مامۆستایانی زانکۆ کاریگەری نیە لەسەر (ڕا) کانیان لەوبارەوەو گشت بەرتوێژان بە جیاوازی بەشە زانستیە پسپۆڕیە کانیانەوە هەمان کاریگەریان هەیە، ئەمەش پێچەوانەی گریمانەی سێیەمی توێژینەوەکەیە، هۆکاری ئەم جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سامپڵی توێژینەوەکە لە ڕووی پسپۆڕیەوە، تاڕادەیەکی زۆرگونجاو و پەیوەندیدارن بەناونیشانی توێژینەوەکەوە، هاوکات سەرجەم پسۆڕیە زانستیەکانی سامپڵی توێژینەوە،(ڕاگەیاندن، ژینگە، کۆمەڵناسی، کاری کۆمەڵایەتی، گەشتوگوزار، جوگرافیا) لەبواری زانستی (زانستە مرۆڤایەتیەکان) دا خۆیان دەبیننەوە، هەروەها مامۆستایانی زانکۆی سامپڵی توێژینەوە بەجیاوازی پسپۆڕیە زانستیەکانیانەوە زانیارو بەئاگا وهۆشیارن بەرانبەربەکلتوری ژینگەیی وبەهۆی توانستی باشیان لەبەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای میدیاییدا دەرفەتی بینەربوونی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵیان زیاتربۆ ڕەخساوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە پەیوەندیدارن بە ژینگەو وەک دەستە بژێرێکی کۆمەڵگا ژینگەو کلتوری ژینگەیی پرسێکی گرنگە بەلایانەوە، هاوکات هەموو ئەمانە وای کردووە جیاوازی ئاماری بە گوێرەی بەشە زانستیە پسپۆڕیەکانیان سەبارەت بە گرنگی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی لە بونیادنانی کلتوری ژینگەییدا دروست نەبێت و وەڵامی بەرتوێژان لە سەرجام پسپۆڕیە جیوازەکاندا هاوتەریب و نزیک بێت لە گەڵ یەکتریدا.

### ٤-٢. دەرئەنجامی توێژینەوە :

لە میانەوەی ئەم توێژینەوە زانستیەدا توێژەر گەیشت بەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە:

أ. كەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکان بەشێوەیەکی گشتی بە ئاستێکی لاواز گرنگیان بەبنەما (مەعریفی) یەکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی داوە هەروەها زیاترین گرنگیدان بۆ (پەروەردەی ژینگەیی) بووە بە بەروارد بە بنەما مەعریفیەکانی تر .

ب. کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکان بەشێوەیەکی گشتی بە ئاستێکی لاواز گرنگیان بەبنەما (کۆمەڵایەتی) یەکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی داوە و بەئاستێکی تایبەتیش زۆرترین گرنگیپێدانیان بۆ(بەهای ژینگەیی) وکەمترینیش بۆ (ڕەفتاری ژینگەیی) بووە .

ج. کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکان بەشێوەیەکی گشتی بە ئاستێکی لاوازگرنگیان بەبنەما (دامەزراوەیی) ەکانی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی داوە، هاوکات زۆرترین گرنگیپێدانیان بۆ (بەرهەمی تەلەڤیزیۆنی تایبەتمەندی ژینگەیی) وکەمترینیش بۆ (یاسای ژینگەیی) بووە.

د.جیاوازی ئاماری نیە لە نێوان تێڕوانینی مامۆستایانی زانکۆدا بەپێی ڕەگەزی (نێرومێ) دەربارەی چەندێتی گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی.

ها. جیاوازی ئاماری نیە لە نێوان تێڕوانینی مامۆستایانی زانکۆدا بەبەپێی نازناوی زانستی: (مامۆستای یاریدەدەر،مامۆستا، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، پرۆفیسۆر) دەربارەی چەندێتی گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی.

و. جیاوازی ئاماری نیە لە نێوان تێڕوانینی مامۆستایانی زانکۆدا بەپێی بەشە زانستیە پسپۆڕیەکانی:(ڕاگەیاندن، ژینگە، کۆمەڵناسی، کاری کۆمەڵایەتی، گەشتو گوزار، جوگرافیا) دا، دەربارەی چەندێتی گرنگیپێدانی تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی بە بونیادنانی کلتوری ژینگەیی .

ز- لە بارەی گرنگیپێدانی کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکانی سامپڵی توێژینەوەکەوە بە بەبونیادنانی کلتوری ژینگەیی، دەرکەوتووە کە تەلەڤیزیۆنی دیجیتاڵی ( Rudaw web Tv) بە بەراورد بە کەناڵەکانی تر گرنگیپێدانی زیاتری هەبووە، هاوکات کەناڵی (Halabja web Tv) کەمترین گرنگیپێدانی هەبووە لەوبارەوە.

### ٣-٤. ڕاسپاردەی توێژینەوە:

أ- توێژەری توێژینەوە توێژەرانی دواتر ڕائەسپێرێت کە توێژینەوەی مەیدانی زیاتر لەسەر ڕۆڵی میدیای نوێ لە بونیادنانی ئینتیمای ژینگەییدا ، ئەنجامبدەن ، ئەمەش لەو ڕوانگەوە کە ئەم پرسە بۆ ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان گرنگ و پێویستە.

ب- توێژەرسەرجەم کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکان بەگشتی وکەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکانی سامپڵی توێژینەوە: (Rudaw ، Kurdsat web Tv، Gav Tv web Tv ، Halabja web Tv) ، ڕائەسپێرێت کە بایەخی زیاتر بە بەرهەم و بەرنامەی ژینگەیی بدەن لە ڕووی باشترکردنی ناوەڕۆک و گەشەپێدانی چەندایەتی وتەرخانکردنی کاتی زیاتر بۆ بابەتی بونیادنانی کلتوری ژینگەیی .

ج- توێژەرکەناڵە تەلەڤیزیۆنە دیجیتاڵیەکان ڕائەسپێرێت کە بایەخی زیاتربە کارلێک وئاوێتەبونی جەماوەر لەگەڵ بەرنامەوبەرهەمە ژینگەییەکان، بدەن ، ئەمەش لە میانەی گرنگیدان بە سەرنج (Comment) بەدڵبوون (Like)ی بینەران و بەهەندگرتنی سەرنج و ڕەخنەکانیان و سوودبینین لێیان بۆ ئەنجامدانی بەرهەم و بەرنامەی نوێی ژینگەیی .

د- توێژە بەشە زانستیە زانکۆییەکانی (ڕاگەیاندن) و(ژینگە) ڕائەسپێرێت کە لەپێناوی ئامادەکردنی زۆر ترین کادری زانستی لە بواری میدیای ژینگەییدا گرنگی زیاتربە وانەی ڕاگەیاندنی تایبەتمەندی ژینگەیی بدەن، تاکو لەئایندەدا، بتوانن وەک ڕۆژنامەنوسی ژینگەیی زیاتر خزمەت بە گەشەپێدانی بوارەکە بکەن.

### ٤-٤.پێشنیاری توێژینەوە :

أ. توێژەر پێشیار دەکات ڕێکخراوە ژینگەییەکان تەلەڤیزیۆنی ئینتەرنێتی (دیجیتاڵی) ژینگەیی دابمەزرێنن، تاکو بتوانن بەشدارێکی کارابن لە بونیادفنانی کلتوری ژینگەیی لە هەرێمی کوردستاندا.

ب. توێژەر پێشنیار دەکات (دەستەی پاراستن و چاکردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان ) وەک زمانحاڵی میدیایی خۆی تەلەڤزیۆنێکی ئینتەرنێتی دابمەزرێنێت و لە ڕێگەیەوە کار لەسەربەیامی ژینگەپارێزی و بونیادنانی کلتوری ژینگەیی بکات.

ج. توێژەرپێشنیار دەکات بۆ کەناڵە تەلەڤیزیۆنیە دیجیتاڵیەکان کە بەرنامەو بابەتە ژینگەییەکانیان لە کاتی زیرینی تەلەڤیزیۆن ( ٧-٩) شەو دابنەزێنن وتیایدا جەخت لەوە بکەنەوە کە پاراستنی ژینگە کرۆکی ئێتیک وکلتورەو پێویستە بەبەشداری میدیاو هاوڵاتی و حکومەت و ڕێکخراوە مەدەنیە ژینگەییەکان، لەکۆمەڵگادا بچەسپێنرێت.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوەی کوردی:

بەختیار عبدالله عوسمان، شوان معروف حسێن، پرۆگرامی یانەی ژینگەیی، دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە،٢٠١٣.

فریاد بارزانی، پاراستنی ژینگە پاراستنی ژیانە ، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

شیلان عزیز سالح، ریزان ئاسۆ علی ، ڕێبەری یاساکانی ژینگە لە هەرێمی کوردستان - عێراق، هەرێمی کوردستان، ٢٠١٥.

### دووەم: سەرچاوەی عەرەبی :

أیاد هلال حمادی الدلیمی ، الشبكات الإذاعیة والتلفزیونیة و شبكات التواصل الإجتماعي - وظیفة إخباریة أم ترف إعلامي ، دار غيداء للنشر والتوزيع ، عمان، المملكة الأردنية الهاشمية ،٢٠٢٠.

أیسر خلیل ابراهیم، اهتمام الإعلام العربي بالقضایا البیئیة، الصحف العربیة بین واقع المشكلة وتطبیق الحلول، دار أمجد للنشروالتوزیع، عمان، الأردن،٢٠١٥.

چنار نامق، دورالمواقع الالكترونية الكوردية في تشكيل الرأی العام حول انتهاك حقوق الايزيدية ، - موقع (خندان و رووداو ) نموذجا ،دار غيداء للنشرو التوزيع ،عمان،المملكة الأردنية الهاشمية ،٢٠٢٠.

هدي عمر السباعي، ترمين عادل عبد الرحمن ، العصر الجديد للإعلام، المجموعة العربية للتدريب والنشر ، القاهرة، مترجم، الطبعة الأولى، 2018.

زهیرعبداللطیف عابد، أحمد العابد أبو السعید، الإعلام والبیئة بین النظریة والتطبیق،الطبعة العربیة ، دار الیازوری العلمیة للنشروالتوزیع ،عمان ،الأردن،٢٠١٤.

موسى محمد مصباح، حمایة البیئة من أخطار التلوث وفقا للقانون الدولي والتشریعات الوطنیه، دار العادل للنشر والتوزیع، القاهرة ، جمهوریة مصر العربیة، ٢٠١٩.

محمد ابراهیم خاطر، الإعلام والتوعیة البیئیة، دار أسامة للنشروالتوزیع، عمان، الأردن، ٢٠١٦.

ممدوح رضا الجندی، الإذاعة والتلفزیون و وسائل الإعلام الحدیثة، دار الرایة للنشر والتوزیع،عمان،المملكة الأردنیة الهاشمیة ،٢٠١٩.

نورهان سلیمان، تكنولوجیا الإعلام المتخصص - دینامیات مستقبلیة ، مؤسسة حورس الدولیة، الإسكندریة، مصر،٢٠٢٠.

سۆزان سلیمان بابان، الإعلام الجدید ومصداقیة الأخبار،مؤسسة حورس الدولیة،الإسكندریة ، مصر،٢٠٢١.

عبدالرزاق الدلیمی، افاق الإعلام فی القرن الحادی والعشرین ، دار الیازوری العلمیة للنشر والتوزیع ، عمان، الأردن،٢٠١٩.

ریمون المعلولي، التربیة البیئیة والسكانیة، منشورات جامعة دمشق -كلیة التربیة ،٢٠١٣-٢٠١٤.

شكري إبراهيم الحسن، مقدمة في علم البيئة ومشكلاتها، دارالمعارف للكتب الجامعية، البصرة، العراق ، ٢٠١٤.

## سێیەم: سەرچاوەی ئینگلیزی :

David Cortright & George A. Lopez , Alistair Millar , and Linda Gerber – Stellingwerf, Civil Society and the Struggle against Vioilent Extremism , A report to Cord aid from the Fourth freedom Forumand Kroc Institute for International Peace Studies at the University of Notre Dame , October 2008.

Kennedy, Jessica (10 February 2012). "Social TV on the rise". B&T Online. Archived from the original on 30 December 2012, Retrieved 16 February 2012, Pp.

## چوارەم : توێژینەوەی زانستی:

### أ- ماستەرنامە:

أسماء خويضات و محمد بوفيجلين، دور برنامج خواطر" أحمد الشقيرى " في نشر القافة البيئية لدى الشباب، دراسة ميدانية لعينة من شباب مدينة خميس مليانه، مذكره مقدمة فى إطار متطلبات نيل شهاده الماستر في علوم الإعلام والاتصال،جامعة الجيلالى بونعامة بخميس مليانة، كليه العلوم الإنسانية والاجتماعية ، قسم العلوم الإنسانية، شعبة علوم الإعلام والاتصال، دمشق ، سوريا ، ٢٠١٥- ٢٠١٦.

منى عمران النتشة، أثراستخدام انشطة في التربية البيئية في تنمية الوعي البيئي لدى طلبة الصف السادس فى محافظه القدس، رسالة ماجستير منشورة الكترونيا ، كلية الدراسات العليا ـ جامعة بيرزيت Birizeit University ، فلسطين ، ٢٠٠٦.

مشعل فايز العتيبي، الإعلام البيئي في دولة الكويت - الهيئة العامة للبيئة إنموذجا، دراسة ماجستير،جامعة الشرق الاوسط، كلية الإعلام، قسم الإعلام، آيار ٢٠١٢.

خديجة أنساعد،حورية لعمراوى، دور إذاعة عين الدفلى المحلية في تشكيل الثقافه البيئية لدى المستمعين، إذاعة عين الدفلى انموذجا ،مذكرة مقدمة لنيل شهاده الماستر في علوم الإعلام والاتصال، جامعة الجيلالى بونعامة - خميس مليانة، كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية ، قسم العلوم الإنسانية، شعبة علوم الإعلام والاتصال،٢٠١٥-٢٠١٦.

### ب- توێژینەوە بڵاوکراوەکان لە گۆڤارە زانستیەکاندا:

یەحیا عومەر ڕێشاوی، توێژینەوەی میدیایی، ڕێکخراوی چاودێری میدیای کوردی، کوردستان، سلێمانی، کوردستان،٢٠١٩.

## پێنجەم: پێگە دیجیتالیەکان :

مجموعة عمل الانتوساى لمراجعة البيئة ، تطور واتجاهات المراجعة البيئية ، ورقة ارشادى ، ضمن الموقع: https://www.bing.com/search ، ٢٠٠٧، تاريخ الزيارة :١٩ /٢٠٢٢/١.

sanchez ، معنى السياحة البيئية، ضمن الموقع:
https://ar.warbletoncouncil.org/ecoturismo- ، كانون الثانى ٢٠٢١، تأريخ الزيارة: ٦/٢٧ /٢٠٢٢.

www.oxfordreference com/ Oxford Reference, digital television, https://
&searchBtn=Search&isQuickSearch=true, 21/6/2022 digital+tv search?q=

## شەشەم: چاوپێکەوتن:

سەرتیپ خالص حسێن ، بەڕێوەبەری خوێندنی باڵا لە فەرمانگەی (توێژینەوەو پەرەپێدان) ، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، چاوپێکەوتن، بەرواری چاوپێکەوتن:١/ ٦/ ٢٠٢٢ .

## پاشکۆی توێژینەوەکە :

**خشتەی (١٨) :**

**خستنەڕووی ڕاستی ڕواڵەتی فۆڕمی ڕاپرسی توێژینەوە .**

| ز | ناوی هەڵسەنگێنەران | نازناوی زانستی | پسپۆڕی- زانکۆ | خاڵی جیاوازی | خاڵی ڕەزامەندی | ڕێژەی ڕەتکردنەوە | ڕێژەی ڕاستگۆیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | د. سۆلاف فایەق عەلی | پ | پەروەردەی بنەڕەتی - زانکۆی سلێمانی | 0 | 164 | 0.00 | ٪100 |
| 2 | د. نە جات محەمەد فەرج | پ | کۆمەڵناسی - زانکۆی سلێمانی | 9 | 155 | 5.49 | ٪94.51 |
| 3 | د. ئیبراهیم سەعید فەتحوڵا | پ.ی | ڕاگەیاندن- تەلەڤیزیۆن - زانکۆی سلێمانی | 5 | 159 | 3.05 | ٪96.95 |
| 4 | د. سەمیرە محمد ساڵح | پ.ی | ئامار - زانکۆی سلێمانی | 5 | 159 | 3.05 | ٪96.95 |
| 5 | د. حەکیم عوسمان حمید | پ.ی | ڕاگەیاندن- تەلەڤیزیۆن - زانکۆی پۆلۆتەکنیکی سلێمانی | 8 | 156 | 4.88 | ٪95.12 |
| 6 | د. پەیمان عبدالقادر مجید | پ.ی | کۆمەڵناسی - زانکۆی سلێمانی | 8 | 156 | 4.88 | ٪95.12 |
| 7 | د. سۆزان حیدر صابر | پ.ی | ئامار- عملیات بحوث - زانکۆی سلێمانی | 1 | 163 | 0.61 | ٪99.39٥ |
| 8 | د. صادق حمە غەریب | پ.ی | ڕاگەیاندن- زانکۆی سەڵاحەدین - هەولێر | 16 | 148 | 9.76 | ٪90.24 |
| 9 | د. هاوری یاسین محمدامین | پ.ی | ژینگە - زانکۆی سلێمانی | 18 | 146 | 10.98 | ٪89.02 |
| 10 | د. شیرکۆ جەبار محەمەد | پ.ی | ڕاگەیاندن- تەلەڤیزیۆن - زانکۆی پۆلۆتەکنیکی سلێمانی | 11 | 153 | 6.71 | ٪93.29 |
| 11 | د. ئەمین کلو قاسم | پ.ی | ژینگە - زانکۆی زاخۆ | 0 | 164 | 0.00 | ٪100.00 |
| 12 | د. بەهات حەسیب قەرەداغی | پ.ی | ڕاگەیاندن- تەلەڤیزیۆن - زانکۆی پۆلۆتەکنیکی هەولێر | 32 | 142 | 19.51 | ٪86.59 |
| 13 | د. کاروان محەمەد حەسەن | پ.ی | ڕاگەیاندن- تەلەڤیزیۆن- زانکۆی سلێمانی | 9 | 155 | 5.49 | ٪94.51 |
| 14 | د. جوان بهاءالدین علی | پ.ی | ڕاگەیاندن- تەلەڤیزیۆن- زانکۆی کۆیە | 10 | 154 | 6.10 | ٪93.90 |
| 15 | د. سهی یونس اسماعیل | مامۆستا | کۆمەڵناسی - زانکۆی سەڵاحەدین - هەولێر | 5 | 159 | 3.05 | ٪96.95 |
| | کۆی گشتی و تێکڕایی : | | | 137 | 2333 | 5.55 | ٪94.45 |